Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.18

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Balla Abdullah Rasul
Bala.20006573724@gmail.com

# جۆرەکانی ئایرۆنی لە شیعری (تەڵعەت تاهیر)دا

**باڵا عەبدوڵلا ڕەسول** / بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
**ڕێزان ساڵح مەولود**/ بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان،عێر

RECEIVED :23 /04/2025
ACCEPTED :20/07/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**

ئایرۆنی
وشەیی
بارودۆخی
دراماتیکی

## پوختە

ئایرۆنی لە ئەدەبدا، بریتییە لە خستنەڕووی بابەتێک یان ڕووداوێک، لە ڕووکەشدا واتایەکی تایبەتی هەیە و لە ئاستی قووڵیشدا واتایەکی شاراوەی هەیە، نووسەر بە مەبەستی ئاشکراکردنی واتای دووەم واتای یەکەم بەکاردەهێنێت، ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش کە لەژێر ناونیشانی(جۆرەکانی ئایرۆنی لە شیعری تەڵعەت تاهیر)دایە، هەوڵێکی ئەکادیمیی گرنگە بۆ نیشاندان و دەرخستنی ئایرۆنی و جۆرەکانی بە پێی بیروڕای نووسەرانی جیهانی و تیشک خستنەسەر هەر یەکێک لەو بیرو بۆچوونانەی لە بارەی پێناسەی ئایرۆنی و دابەشکردنی جۆرەکانی بە درێژایی مێژوو باس کراون، ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە، دواتر بە سوود وەرگرتن لەو دابەشکردنانەی، کە بۆ جۆرەکانی ئایرۆنی کردوومانە، لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا پراکتیزمان کردووە، لەبەر ئەوەی یەکێک لەو ئامرازە ئەدەبییانەی، کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا ئایرۆنییە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی هونەری بەشێوەیەکی چڕ لەناو دەقە شیعرییەکانی بەرجەستە بووە. لە لایەکی دیکەوە دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و وەچەرخانە سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی ئەدەبی کوردی بە خۆیەوە دیت، تەڵعەت تاهیر وەکو یەکێک لە شاعیرە بە تواناکان هەستی بە بارودۆخی کۆمەڵگەکەی کردووە، هەستی بە هەموو ئەو شتانە کردووە، کە دەبێت چاکسازیەک هەبێت پردی نێوان ئەدەب و خوێنەر و کۆمەڵگە بەیەکتر بگەیێنێتەوە.

توێژینەوەکەمان لە پێشەکی و سێ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە پێناسەی ئایرۆنی، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە پۆلێنکردنی جۆرەکان ئایرۆنی، تەوەرەی سێیەمیش پراکتیکردنی جۆرەکانی ئایرۆنی لە شیعری شاعیری ناوبراودا، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەو ئەنجامانەی پێگەیشتووین، لەگەڵ لیستی سەرچاوە ئاماژەی پێکراوە، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بۆ هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگێڕدراوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1.پێشەکی:

ئەدەب واژەیەکی گەورە و فراوانە، کە چەندین ئامرازی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت، لەم بوارەدا ئایرۆنیش وەکو ئامرازێکی ئەدەبی  مێژوویکی دوور و درێژی هەیە و بووە بە کەرەستەیەکی پێویست لەبواری ئەدەبیاتدا و تایبەتتر لەڕۆنانی شیعردا، چونکە سرووشتی ژیانی نوێ و سەردەمی ئێستا زۆر پێویستی بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئامرازانە هەیە، لەم ڕێگەیەوە ناڕێکی و باروودۆخی ژیانی مرۆڤایەتی لەناو داهێنانە ئەدەبییەکان بە زیندوو دەهێڵدرێتەوە. ئایرۆنی ئامرازێکی کاریگەرە لەبەردەستی نووسەر بۆ زێدە دەرخستنی ئامانج و مەبەستەکەی، هەروەها جۆرێک لە جوانی و نەشونما بە دەقەکە دەبەخشێت، کە لە ڕێگەیەوە واتای جیاواز بۆ خوێنەر بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** جۆرەکانی ئایرۆنی لە شیعری (تەڵعەت تاهیر)دا.

**گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:** گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دەرخستن و نیشاندانی جۆرەکانی ئایرۆنییە بە گشتی، دواتر پراکتیککردنی جۆرەکانی ئایرۆنییە لە چوارچێوەی شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر بە تایبەتی.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئایرۆنی ئامرازێکی گرنگی ئەدەبییە و تا ئێستا توێژینەوە لەمبارەوە زۆر کەمە، پاشان تەڵعەت تاهیر یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە پێگە و ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە لە نووسینی شیعردا، خاوەن دەنگێکی جیاوازی شیعرییە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو توێژینەوانەی کە لە بارەی شیعرەکانی کراون بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بۆیە بەپێویستمان زانی لە ڕێی توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە ببین بە بەشێکی بچووک و سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ بۆ کتێبخانەی کوردی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەلایەنی تیۆری و پراکتیکی، بۆیە سوودمان لە ڕێبازی وەسفی–شیکاری وەرگرتوە، ئەم ڕێبازە یارمەتیدەرێکی باشبوو بۆ پەیبردن و نزیکبوونەوە لە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمان، بۆ ئەم مەبەستەش لایەنی تیۆری بابەتەکەمان بە وردی خستوەتە ڕوو، پاشان لە ڕووی پراکتیکەوە شیعرەکانمان شیکار کردووە.

**سنووری توێژینەوەکە:** لە پێناوی فەراهەمکردنی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ توێژینەوەکەمان، سنووری توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی هەردوو دیوانە شیعری شاعیری ناوبراوە، ئەوانیش (ناوی تۆ ئیمزای منە)، (پایزی زەعیم).

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و سێ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە پێناسەی ئایرۆنی بە شێوەیەکی ورد و ئەکادیمی، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە خستنەڕووی جۆرەکانی ئایرۆنی، تەوەرەی سێیەمیش پراکتیکردنی جۆرەکانی ئایرۆنییە لە شیعری تەڵعەت تاهیردا، واتا بەشێوەیەکی گشتی تەوەرەی یەکەم و دووەم لایەنی تیۆری کارەکەمانە و تەوەرەی سێیەم لایەنی پراکتیکی کارەکەمانە، لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەی توێژەران پێگەیشتوون، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە، دواتر پوختە توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراوە.

**بەرهەم و پرۆژە زانستییەکانی پێشوو:** لەبارەی ئایرۆنی تاوەکو ئێستا ئەوەی ئێمە بەدوا داچوون و گەڕانمان بۆ کردبێت لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی زانکۆدا، ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجامدراون، کە ئەوەی یەکەم و دووەم و سێیەم بەشێوەی کتێب چاپکراون:

1.قەرەنی، ئەحمەد(د)(2012)، ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا، چ1، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

2. ئەبدورەحمان، حسێن ئوسمان(2008)، ڕولێ(پارادۆکس)ێ د پێکهاتا وێنێ هۆزانێدا(کرمانجیا سەری) وەک نموونە، چاپخانەی خانی، دهۆک.

3. حسێن، جەبار ئەحمەد(د)(2012)، بینای ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا کوردستانی عێراق(1970–1990)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

4. حوسێن، سەنگەر نازم(د)(2023)، چیرۆکی مینیماڵی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

5. خورشید، بهزاد فتاح(د)(2023)، ئەدەبی کوردی سەردەم (شەپۆلەکانی شیعری کوردی لە دوای ڕوانگە) –2021

1991، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

جگە لەمانەی باسکراون، نووسەر و توێژەران لە هەندێک لێکۆڵینەوە و کتێب و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان لەبارەی ئەم هونەرە دواون.

## 2. پێناسەی ئایرۆنی:

گەیشتن بە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئایرۆنی کارێکی ئەستەمە و ڕێککەوتنێکی تەواو نییە، لە بارەی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئایرۆنی، چونکە ئایرۆنی ئەوەندە بەرفراوان و لق و پۆپدارە پێناسەیەکی وەها نییە بتوانێت هەموو جۆر و لقەکانی لەژێر یەک چەتر کۆبکاتەوە. ئەمەش پەیوەستە بە تەمەنی ئەم دەستەواژە و زاراوەیە، بە درێژایی بوونی و لەو قۆناغانەی کە پێیدا تێپەڕیووە چەندەها پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتووە و کۆمەڵێک مانا و تێگەیشتنی بۆ کراوە لەلایەن ئەدیب و ڕووناکبیر و ڕەخنەگران، هەموو ئەمانە وایکردووە کەوا ئەستەم بێت بتوانرێت تەنها پشت ببەسترێت بە یەک پێناسەی دیاریکراو، "(میویک) ناودارترین نووسەری بواری ئایرۆنی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئەستەمە بتوانرێت پێناسەیەکی تەواو بکرێت بۆ ئایرۆنی یاخود هەوڵی سەرکەوتووانە هەبێت بۆ ئەمە وەک ئەوە وایە (لەناو تەم و مژدا بخولێتەوە)". (سبقاق،2017: 5).

کتێبی کۆماری (ئەفلاتوون) وەکو یەکەمین کتێب، کە زاراوەی ئایرۆنی تێدا هاتووە و لە بارەی ئایرۆنییەوە دەڵێت: شێوازێکی تایبەتی گفتوگۆیە، بۆ ئەوەی وا لە کەسێک بکات دان بەنەزانی خۆی دابنێت، یاخود ئایرۆنی ڕێگەیەکە بۆ ئاڕاستەکردنی پرسیار و خۆنیشاندان وەکو کەسێکی نەزان، بەم پێیە ئایرۆنی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، مەبەستەکەشی لە ڕێگەی دانپێنانی کەسە نەزانەکە بەدیدێت. (Plato,1991: 326). ئەم پێناسە دەکەوێتە چوارچێوەی یەک جۆر ئایرۆنی، ئەویش ئایرۆنی سوکراتییە، کە سوکرات ئەم شێوازەی لە گفتوگۆکانی بەکاردەهێنا بە شێوەیەک، کەسی بەرامبەری وا لێدەکرد بەو شێوەیە قسەبکات کە ئەو دەیەوێت.

(ئەرستۆ) لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لێی دەڕوانێت و دەڵێت:"ئایرۆنی بەشێکە لە ڕەوانبێژی، چونکە ڕاستەوخۆ بەناوی هاودژەکەیەوە گوزارشت لە شتەکە دەکات". (عبدالنور،1984: 138). ئەرستۆ ئایرۆنی بە فۆڕمێکی ڕەوانبێژی داناوە، لەسەر دژایەتی بنیاتنراوە، وەکو سەرزەنشتکردنی کەسێک، بەڵام ئەم سەرزەنشتکردنە لە قاڵبی ستایشدا دەربڕدرێت، یاخود ڕەخنەگرتن لە شێوەی پێکەنیندا، ئەم پێکەنینەش لە پێناو گاڵتەکردن نییە، بەڵکو مەبەستێکی گرنگی لە پشتەوە بووە.

هەرچی(ئۆگست ڤیلهم)ە، ئایرۆنی وەک هاوسەنگییەک لە نێوان ڕاستەقینە و کۆمیدی، یان خەیاڵ و ئاشنا (باو) دەبینێت، یان جۆرێکە لە دانپێدانان، کە تێکەڵ بووە بە چۆنیەتی نیشاندانەکەی و کەم تا زۆر بە ڕوونی دەردەبڕدرێ(بەرجەستەدەکرێ). (Muecke,1970: 18)

(میویک)پێناسەیەکی جیاوازتر بۆ ئایرۆنی دەکات، واتا و مەبەستەکەی بەیەک واتا سنوردار نەکردووە، دەڵێت : ئایرۆنی " گوتنی شتێکە، کە بەشێوەیەک نەک یەک لێکدانەوە بەڵکو زنجیرەیەکی بێ کۆتا لە لێکدانەوەی جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت".(میویک،1993: 16). مەبەستی میویک لەم پێناسەدا ئەوەیە، نووسەر بە لێزانانە شتێک دەڵیت و دەردەبڕێت، بەڵام خوێنەر چەندین لێکدانەوە و واتا بۆ ئەو دەربڕینە دەستنیشاندەکات، بەشێویەکی دیکە لاسەنگی هەیە لە نێوان ئەو شتەی نووسەر دەریدەبڕێت و لەگەڵ ئەو واتایەی خوێنەر دەستنیشانی دەکات، کۆی واتای دەربڕدراو یەکسان نییە بە کۆی ئەو واتایەی خوێنەر لێکیدەداتەوە، "چونکە ئایرۆنی ئامرازی سەرەکی چڕکردنەوەیە و ڕۆڵی هەیە لە دەستەبەرکردنی واتای زۆر بە وشەی کەم". (حوسێن،2023: 135).

نووسەرو ڕەخنەگری بەریتانی (سامۆئیل جۆنسۆن) دەڵێت: ئایرۆنی " ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی دەربڕین، تیایدا واتا و وشە دژ یان پێچەوانەی یەکترن". (Enright,1986: 5)، چونکە دەربڕینێک ئایرۆنی بێت، دوو واتا لەخۆدەگرێت، یەکەمیان واتای ڕووکەش و ڕواڵەتی وشەکانە، دووەمیان واتای قووڵ و پشت وشەکانە، کە واتا قووڵەکە زیاتر مەبەستە و نووسەر ئەوەی دیکە بە ئامانجی شاردنەوەی مەبەستە ڕاستەقینەکە بەکاردەهێنێت، چونکە واتای یەکەم هەموو خوێنەرێک لێیتێدەگات و دەیدۆزێتەوە، بەڵام واتای دووەم لە ئەنجامی کارلێکی بەتینی خوێنەر لەگەڵ دەقەکە و

لەڕێگەی شیتەڵکردنی واتای یەکەمەوە واتای دووەم بەدەستدەهێنرێت.
لە فەرهەنگی ئینگلیزی(Oxford) بەم شێوەیە پێناسەی ئایرۆنی کراوە :" ئایرۆنی بریتییە لە تێگەیشتنێکی گاڵتەئامێزانە بۆ دووشتی ناچوون یەک، یاخود ڕووداوێکی ڕوون و ئاشکرا جێگۆڕ دەکرێت و لەجیاتی ناوەڕۆکی بابەتەکە دادەنرێ بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی تەواو جیاوازی پێ ببەخشێت". (Baldick,2001:13). لەم پێناسەیەدا ئایرۆنی بە گاڵتەئامێز بەستراوەتەوە، کەچی گاڵتەئامێزی تەنها ڕوویێکە لە ڕووەکانی ئایرۆنی.
لە فەرهەنگی ئینگلیزی (LITERARY AND THEMATIC TERMS) لە ڕوانگەی ئەدەبەوە ئایرۆنی دەناسێنێت بەوەی کە " ئایرۆنی دەستەواژەیەکە چەندین واتای جیاوازی هەیە، باوترین بەکارهێنانی لەبواری ئەدەبدا ئەمانەن: ١. وەک ئامرازێکی ئەدەبی و ڕەوانبێژی بەکاردەهێنرێت. ٢. وەک شێوازێکی ئەدەب بەکاردەهێنرێت. ٣. وەک ڕێگایەک بۆ تێگەیشتن و هەستکردن بۆ خودی ژیان بەکاردێت". (QUINN,2006: 222). بەم پێیە ئایرۆنی پرۆسەیەکی لۆژیکی و ئامرازێکی ئەدەبییە، کە پێویستی بە وردبوونەوەی قووڵ هەیە، واتا شتێک نییە لەخۆوە بکرێت، بەڵکو نووسەر بە مەبەستی دروستی دەکات تاوەکو لەڕێیەوە بیر و هۆشی خوێنەر تاقیبکاتەوە.
ئایرۆنی بەمانا ڕەوانبێژییەکەی " ڕێگەیەکە لە قسەکردن، کەسێک دەیگرێتەبەر بەپێچەوانەی ویستی کارکردنی خۆی، وەک ئەوەی بە چاوچنۆکێک بڵێین تۆ چەند بەخشندەی."(وهبة، المهندس،1984: 198). جیاوازی نێوان ئەوەی دەردەبڕدرێت و ئەوەی دەگوترێت، بەشێوەیەکی دیکە جیاوازیی نێوان ڕاستەقینە و ڕووکەش سیمای جیاکەرەوەی ئایرۆنییە، بەڵام مەرجیش نییە هەموو جیاوازییەکی لەم شێوەیە بچێتە سنووری ئایرۆنییەوە، چونکە دەکرێت ئەم جیاوازییە لە ڕێگەی ڕووبەڕوو بوونەوە یان ناڕێکوپێکی بێت.
ڕەخنەگری عەرەبی (د. سعید علوش) پێی وایە، ئایرۆنی "دژایەتییەکی ئاشکرایە زوو ڕاستی دەردەخات و ئایرۆنی گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەو پێیەی زمانی قسەکردنی شاعیرە، تەنها ڕوویەک نییە بۆ دەرخستنی جوانییەکان."(علوش، 1985: 162). بە پێی ئەم پێناسەیە، واتای مەبەست لە ئایرۆنیدا زوو دەردەکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو دەقانەی هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئایرۆنین پێویستی بە کارلێکی بە تینی وەرگر هەیە لەگەڵ دەقەکە و شیکردنەوەی ئەو کۆدانەی کە نووسەر لە پێناوی دروستکردنی واتایەکی ئایرۆنی بەکاریهێناوە، بەمشێوەیە لە ئایرۆنی واتای مەبەست زوو خۆی بە دەستەوە نادات.
تومبسون هەندێک ڕەگەزی دیکە دەهێنێتە ناو پێکهاتەی ئەو دەقانەی، کە هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئایرۆنین، پێی وایە " ئایرۆنی لە ئەدەبدا بە دەست نایەت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە کاریگەری تێکەڵ ببێت بە ئازار و یاریکردن".(قریمیدة، 2014: 76). ئایرۆنی بە سادەیی و بە تەنها لە ڕێگەی دەربڕینێک یان ڕووداوێک بەدەستنایەت، بەڵکو کۆمەڵێک ڕەگەزی دیکە ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی دەقێکی ئایرۆنی، بۆ نموونە تێکەڵبوونی دوو بواری جیاواز وەکو (ئازار و یاریکردن)، بەشێوەیەک هەندێک جار ئەنجامدەری ئایرۆنی لە سەرەتادا تووشی ترس و ئازارێک دەبێت، دواتر دەگۆڕێت بۆ یاریکردن، لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی ئەم بوارانە کرۆکی ئایرۆنی بەدەست دێت، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستاتیکی دەقەکە.
لە کۆی ئەوانەی گووتراون، ئایرۆنی بریتییە لە بەکارهێنانی وشە بۆ گەیاندنی واتایەک کە جیاوازە یاخود پێچەوانەیە لەگەڵ واتا ڕاستەقینەکەی، یان خستنەڕووی ڕووداوێک یان بابەتێک، کە دەربڕینەکانی دوو واتا دەگەیەنێت یەکێکیان ئاشکرایە ئەویدیکەیان شاراوەیە، بەڵام نووسەر مەبەستی ئاشکرابوونی واتا شاراوەکەیە و بۆ خوێنەری جێدەهێڵێت. بەزۆریش ئەو دوو واتایە پێچەوانەی یەکترن و هاودژن.

## 3. جۆرەکانی ئایرۆنی

دامەزراندنی پۆلبەندییەکی جێگیر و کۆتایی بۆ جۆرەکانی ئایرۆنی کارێکی ئەستەمە، چونکە بە تێپەڕبوونی کات و قۆناغەکانی مێژوو جۆرەکانی ئایرۆنی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لق و پۆپ و جۆری زۆری لێ بۆتەوە، نووسەران بیروڕای جیاوازیان هەیە لەبارەی جۆرەکانی ئایرۆنی، بۆیە دەشێت لەم ڕووەوە پۆلێنی جیاوازی بۆ بکرێت و چەند

جۆرێکی جیاوازی لێ جیابکرێتەوە، هەر نوسەرە و بەپێی ئاست و سەردەم و ئەو قۆناغەی تێیدا دەژی پۆلێنی بۆ کردووە، هەندێک نووسەر بەمەبەست دابەشی کردووە بۆ سەر چەند پلەیەکی جیاواز، هەندێکی دیکەیان پشتیان بەستووە بەپێگەو مەبەستەکەی لەناو دەقەکاندا و کاریان لەسەر ئەو جۆرانە کردووە کەلەناو دەقەکاندا هەیە، هەروەها دەتوانرێت بەپێی تەکنیکی و پێکهاتەیی بنیاتی زمانی، یان بەپێی ناوەرۆک و بابەت، دابەش بکرێت. لەبواری ئەدەبیاتدا تەنیا چەند جۆرێکی دەستنیشانکراوی ئایرۆنی نابینرێت، وەکو ئەوەی لەژێر چەند جۆرێکی جێگیر کۆبکرێنەوە، بەڵکو ئایرۆنی وا دەبینرێت کە سیمای تایبەتی نووسەرەکانی پێوەدیارە. "هەندێک لە لێکۆڵەران هونەری ئایرۆنی دەکەنە سێ جۆر، هەندێکیان بە پێنج جۆری دادەنێن، هەندێکیان بە حەوت جۆر، هەندێک بە هەشت جۆر، هەندێک بە دە جۆر، هەندێک بە سێزدە جۆر."(قەرەنی، 2012: 101). (میویک) ئایرۆنی بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکات ئەوانیش، "ئایرۆنی وشەیی و ئایرۆنی باردودۆخ، لەجۆری یەکەمدا ئایرۆنی لەسەر بنەمای سیفەتێک دروست دەبێت کە خاوەنەکەی پێ لەسەر ئەنجامدانی ئەو سیفەتە دادەگرێت. دووەمیشیان لەسەر بنەمای دۆخێک یان ڕووداوێک دروست دەبێت کە لەچوارچێوەی ئایرۆنیدا دەبێنرێت".(Muecke,1970: 49). کەواتە ئایرۆنی وشەیی لە ئەنجامی دەربڕینەکانی (نووسەر-نێرەر) بە دەستدەهێنرێت، بەڵام ئایرۆنی بارودۆخی پێویستی بە هەڵوێست یان ڕووداو و بارودۆخ هەیە.

(د.خالد سلیمان) لە کتێبی (المفارقة والأدب) ، جۆرەکانی ئایرۆنی و لەگەڵ شێوەکانی ئایرۆنی خستووەتە ڕوو، پشتی بە دابەشکردنەکەی میویک بەستووە.

**1.ئایرۆنی وشەیی(verbal Irony) ( المفارقة اللفظية):**

**2. ئایرۆنی باردودۆخ (Situational Irony) (المفارقة الموقف):**

جۆرەکانی ئایرۆنی بارودۆخ، بەپێی ڕۆڵەکەی، پێنج جۆرە، ئەوانیش:

آ.ئایرۆنی نەگونجانی سادە (Irony of simple Incongruity) (مفارقة التنافر البسيط).

ب. ئایرۆنی ڕووداوەکان (Irony of Events) (مفارقة الأحداث).

پ. ئایرۆنی دراماتیکی (Dramatic Irony) (مفارقة الدرامية).

ج. ئایرۆنی فێڵکردن لە خود (Irony of self-betrayal) (مفارقة خداع النفس).

ه. ئایرۆنی دوو دڵی (Irony of Dilemma) (مفارقة الورطة).

هەروەها ئایرۆنی کردووە بە سێ بەشەوە لە ڕووی ڕیزبەندی کردنەوە:

آ. ئایرۆنی لە ڕوو (Overt Irony) (المفارقة الصريحة).

ب. ئایرۆنی شاراوە (Covert Irony) (المفارقة الخفية).

ج. ئایرۆنی تایبەت (Private Irony) (المفارقة الخاصة).

دواتر ئایرۆنی بەپێی ڕێگا و شێوازەکانی دابەشکردووە بەسەر چوار جۆر، ئەوانیش:

آ. ئایرۆنی ناکەسایەتی (Impersonal Irony) (المفارقة اللاشخصية).

ب. ئایرۆنی کەم نرخاندنی خود (Self-disparaging Irony) (الفارقة الاستخفاف بالذات).

پ. ئایرۆنی ساویلکەیی(Ingenu Irony) (الفارقة الساذجة).

ج. ئایرۆنی شانۆیی(Dramatized Irony) (المفارقة المسرحية).

هەروەها جگە لەم جۆرانەی باسکراوە لەسەرەوە، د.خالد لە چوارچێوەی توێژینەوەکەیدا چەندین جۆری دیکەی ئایرۆنی ناوهێناوە و بەکاریهێناوەن، ئەوانیش:

ئایرۆنی سۆفۆکیلسی(Sophoclean Irony) (المفارقة سوفوكليس).

ئایرۆنی تراژیدی (Tragic Irony) (المفارقة المأساوية).

ئایرۆنی نیهیلیزمی(Nihilistic Irony) (المفارقة العدمية).

ئایرۆنی گومانی(Sceptical Irony) (المفارقة التشكيكية).
ئایرۆنی ڕۆمانسی(Romantic Irony) (المفارقة الرومانسية).
ئایرۆنی سۆزداری(Sentimental Irony) (المفارقة الوجدانية).
ئایرۆنی گەردوونی (Cosmic Irony) (المفارقة الكونية).
ئایرۆنی فەلسەفی(Philosophical Irony) (المفارقة الفلسفية).
ئایرۆنی چارەنووس(Irony of fate) (المفارقة القدر).
ئایرۆنی بێفیزی ساختە(Mock-Modesty Irony) (المفارقة التواضع الزائف).
ئایرۆنی دوو هێندە(Double Irony) (المفارقة المزدوجة).
ئایرۆنی پراکتیکی(practical Irony) (المفارقة العملية).
ئایرۆنی سوکراتی(Socratic Irony) (المفارقة السقراطية).
ئایرۆنی کۆمیک(Comic Irony) (المفارقة الهزلية).
ئایرۆنی ڕەوانبێژی(Rhetorical Irony) (المفارقة البلاغية).

(سليمان، 1999: 24-25).

ئەم هەموو ناوهێنان و دابەشـــکردنی جۆرەکانی ئایرۆنی ئەوەمان پێدەڵێت، کە تەنها یەک مانا و تێگەیشـــتن نییە بۆ ئایرۆنی و جۆرەکانی، بەڵکو چەندەها شێوازی ئایرۆنی و واتای هەمەچەشن هەیە.
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەم جۆرانەی ئایرۆنی دەسـتنیشـان بکەین لێی بدوێین، کە بەفراوانی دەبینرێن و جۆری بنەڕەتین، لەوانە :

### 1.ئایرۆنی وشەیی (verbal Irony) (المفارقة اللفظية)

ئەم جۆرەی ئایرۆنی لە جۆرەکانی دیکە زیاتر بەربڵاوترە لە ڕووی کارکردنی لەبواری شـــیعری هاوچەرخدا، ئەمەش وایکردووە توێژەرەکان ســـەرنج بخەنەســـەر پێناســـەکردنی تیۆری و بەدواداچوونە پراکتیکیەکان، لە ئایرۆنیدا جۆرە جیاوازییەک هەیە، لە ئایرۆنی وشـــەییدا ئەم جیاوازییە لە نێوان شـــتی گوترا و شـــتی مەبەســـتدار هەیە، واتا "بریتییە لە گوزارشـــتکردن لە مانایەک بە وشـــەیەکی پێچەوانەی ئەو واتایە".(Britannica,1974: 390). ئایرۆنی وشـــەیی کاتێک دروست دەبێت نووسەر شتێک دەڵێت، بەڵام مەبەستەکەی پێچەوانەی ئەو شتەیە کە دەیڵێت، بەشێوەیەک دێتە کایەوە " کە دال دوو دژیەکی لە خۆگرتبێت، یەکەمیان مەدلولێکی حەرفیانەی دیار، دووەمیان مەدلولێکی جێبەندییانە(ســـیاقی)". (حوسێن، مەولود،2022: 294)، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک هەموو ڕۆژێک ببینی و بڵێی:- چەند ڕۆژە من تۆم نەبینیوە، نووســـەر لەڕێگەی گوتنی شـــتێک شـــتێکی دیکە دەردەخات، کە زیاتر مەبەســـتی شـــتە دوورەکەیە نەک نزیکەکە، واتا دەربڕینەکە دوو واتا لە خۆدەگرێت یەکێکیان دیارە و لە ئەنجامی لێکدانەوەی پێکهاتەی زمانەوانی ئەوی دیکەیان نادیارە و خوێنەر لەگەڕان و بەدواداچووندا دەیدۆزێتەوە، مەرجیش نییە هەموو کات لەڕێگەی دەربڕینەوە ئایرۆنی ئامانجەکەی خۆی بپێکێت، بەڵکو زۆرجار ئامرازی دیکەش بەکاردەهێنرێت، وەکو "وێنەکێشـــان یان لەڕێگەی پێکەنین یان ژەنینی پـارچە مۆســـیقـایەک، گرنـگ نییە چ شـــێواز و ئـامرازێـک بەکـاربهێنرێـت، گرنـگ ئەوەیە واتـایەک ئـاشـــکرا بکات."(Muecke,1970: 49).

ئایرۆنی وشەیی لەسەر بنەمایەک دامەزراوە، ئەم بنەمایەش لەسەر ئاستی دوانەیی(دوالیزم) دەبێت، بەمشێوەیە :




(عبدالخليفة، 2004: 23).

لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستەکە ئایرۆنی دێتەکایەوە، لە هەبوونی پەیوەندی دژ بەیەکتری تەواو لەنێوان هەردوو واتای ڕووکەش و واتای مەبەستدارکەوە، لێرەدا دواتر ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ وەرگر ئەوەیە کە، واتا بێ مەبەستەکان و مەبەستدارەکان بدۆزێتەوە. ئەگەر چی ئایرۆنی تەکنیکی هەڵخەڵەتاندن و فێڵکردن بنیاد بنێت لەگەڵ ئەوەشدا شاراوەیی (ونکردن) هاوشانیەتی، بەمەش دەقەکە دەشارێتەوە لەسەر ئاستی ستوونی واتای مەبەستدار، بێگومان لێرەدا نووسەر بەم ڕێگەیە هۆکارێک بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە خوێنەر لەڕێگەی دەستەواژەیەک بەشێوازی شاراوەیی بۆ ئەوەی ئەو واتایەی کە دەیبەخشێت لەدواتردا واتایەکی مەبەستداری لە پشتەوە بێت .
خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت "بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُكَذِّبُونَ (٢٢) وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُوعُونَ (٢٣) فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (٢٤)". (الانشقاق، ٢٢-٢٤).
ئایرۆنی وشەیی لەم ئایەتەدا (فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ )، بەمشێوەیە، دەردەکەوێت :




وەک دەزانرێت مژدە پێدان بۆ بەدیهاتنی کارێکی خۆش و خێرداره، بەڵام ئەم مژدە پێدانی لەم ئایەتدا {فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ } باسکراوە بۆ مەبەستی سزادانە و دوو واتای لەخۆگرتووە، واتایەکیان ڕووکەش و بێ مەبەستە، واتایەکی دیکەیان شاراوەیە و پڕلە لێکدانەوە و مەبەستدارە، کافرەکان نکۆڵی دەکەن لە سزای ڕۆژی دوایی و گاڵتەدەکەن بە پێغەمبەر و نێردراوی خودا، پەلە دەکەن لە ئەنجامدانی خراپەکاری پێش ئەنجامدانی چاکەکاری، بۆیە مژدەی سزای قورسیان پێدەدەرێت بۆ ئەم گاڵتەپێکردن و خراپەکارییە.
کەواتە ئایرۆنی وشەیی شێوەیەکە لە شێوەکانی ئاخاوتن و گەیاندنی سەرەتایی تیدەپەڕێنێت بۆ مەبەستی دەربڕینی هونەری نوێ، تیایدا دوو ڕامانی پێچەوانەی یەکدی پێکدێت، یەکەمیان ڕووکەشە و بەپێی شیکردنەوەی زمانی ئاخاوتنەکە دەزانرێت، دووەمیان نادیارە و پێویستە خوێنەر لێی بکۆڵێتەوە و بیدۆزێتەوە، ئەم شێوازە خودی خۆی ئەو واتایە دەشارێتەوە کە مەبەستی سەرەکی گوتنەکەیە، کە وا دەکات خوێنەر بە ئاگابهێنێتەوە و بەرەو ئەوەی ببات کە دروستکەری ئایرۆنی چی مەبەستە.

## 2. ئایرۆنی بارودۆخ (Situational Irony) ( المفارقة الموقف)

ئەمجۆرە ئایرۆنییە گرێدراوی ڕووداوەکانی ناو کارە هونەرییەکانە، "بریتییە لە جیاوازی نێوان ئەوشتەی کە ڕوودەدات لەگەڵ ئەوەی چاوەڕێ دەکرێ ڕووبدات. کاریگەری زۆری هەیە، چونکە ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەوە سەرچاوە دەگرێ". (Ravshanovna,2022: 331). بەشێوەیەک ئەو جۆرە جیاوازی و دژ یەکەیە، کە لەنێوان دوو هەڵوێست یا دوو بارودۆخ دێتەکایەوە، کە لە سەرەتادا بارودۆخەکە جۆرێکە و دواتر دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی دیکە، پێویستی بەهەڵسەنگاندن و قوڵبوونەوەی زۆر هەیە "بۆنموونە لەبنەڕەتدا کارەکتەر وا خۆی نیشاندەدات، کە لە

کارەکەیدا سەرکەوتووە، کەچی لەڕاستیدا شتەکە پێچەوانەی ئەمەیە". (حوسێن، 2023: 139) .خوێنەر لەسەرەتادا هەمان ئاسۆی چاوەڕوانی هەیە بەرانبەر کارەکتەرەکە بەشێوەیەک خوێنەر چاوەڕوانی شتێکە و لە ئاکامدا ڕووبەڕووی شتێکی دیکە دەبێتەوە، خوێنەر تووشی بێهیوای دەبێت، بەڵام لەدوایدا وەرچەرخان لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ڕووەدەدات و هەست بەو پەیامە دەکات کە نووسەر لە پشتی هەردوو ڕووداوەکە شاردویەتییەوە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە لێکدانەوەی جیاواز بکات، چونکە ئایرۆنی لە فراوانترین واتادا "ناسینەوەی نەگونجانە، یاخود جیاوازی نێوان ڕاستی و لەگەڵ ئەوەی دەردەکەوێت". ( Morner, Rausch, 1991:113)

لە هەندێک باردا (ئایرۆنی بارودۆخی) بەدیدێت، لە ڕێگەی "بەکارهێنانی ساویلکەیەک یان پاڵەوانێکی هەڵخەڵێنەر یان گێڕەرەوەیەکی باوەڕپێنەکراو، کەتێڕوانینی بۆ جیهان زۆر جیاوازترە لەو بارودۆخە ڕاستەقینەی ،کە نووسەر و خوێنەر وێنای بۆ دەکەن، بۆ نموونە پیاوێک بە جەنجاڵی و بەدبەختی ئەوانی دیکە پێدەکەنێت لەکاتێکدا پێشتر هەمان بەدبەختی بەسەرخۆیدا هاتووە". (BALDICK,2001: 130) . بە شێوەیەکی گشتی سێ لایەنی سەرەکی هەیە لە ئایرۆنیدا ئەوانیش(نووسەر-خوێنەر(وەرگر)- کارەکتەر)، لەئایرۆنی بارودۆخدا نووسەر پێکهاتەیەک بەکاردەهێنێت، واتا ڕووداو و بەسەرهاتێک بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی ئایرۆنی لەشوێنی ئەوەی وشە و دەربڕین بەکاربهێنێت، لە هەندێک باردا بە مەبەست کارەکتەرێکی بێئاگا بەکاردەهێنێت، کە تاوەکو کۆتایی کارەکتەر بێ ئاگایە لەو بارودۆخەی بەسەریدادێت، لەڕێگەی بێ ئاگایی و ساویلکەی ئەو کارەکتەرەوە کرۆکی ئایرۆنی بارودۆخی بەدیدێت.

(میویک)نموونەی قوتابییەک دەهێنێتەوە کە لەپێش مامۆستا و قوتابییەکانی دیکە وا خۆی دەردەخات پلەی نایاب بەدەستدەهێنێت و ئەوانی دیکە بڕوادەکەن، بەڵام ئەنجامە ڕاستەقینەکە لای مامۆستایە، لەڕۆژی وەرگرتنەوەی بڕوانامەکەیدا قوتابی و ئەوانی دەوروبەریشی لەبەر ئەو ئەنجامە چاوەڕواننەکراوە تووشی بێ ئومێدی دەبن. چونکە ڕەفتاری قوتابییەکە لەسەرەتادا پێچەوانەی ئەو ڕاستیە بوو کە تا ڕۆژی ئاشکراکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لێی بێ خەبەر بوو. (قەرەنی، 2012: 124).

### 3. ئایرۆنی دراماتیک (Dramatic Irony) (المفارقة الدرامية)

ئەم جۆرە ئایرۆنییە لەسەرەتادا لە بواری شانۆدا دەرکەوت و زیاتر پشت دەبەستێت بە پێکهاتەی کارەکە وەک لە پەیوەندی نێوان وشەکان بە واتاکانیانەوە، بۆیە هەندێک جار بە (ئایرۆنی سۆفۆکلیس- Sophocles Irony) ناودەبرێت، چونکە زۆربەی بەرهەمەکانی شانۆکاری یۆنانی سۆفۆکلیس لەسەر بنەمای ئایرۆنی داڕێژرابوون. یەکەم توێژینەوە لەمبارەوە کرابێت توێژینەوەی کۆنۆپ تیرلۆڵ- Connop Thirlwall بوو کە لەساڵی 1833 لەبارەی ئایرۆنی لای سۆفۆکلیس نووسیبووی. (cuddon,1999: 429). تیرلۆڵ تێبینی ئەوەی کردووە کە شانۆگەرییەکانی سۆفۆکلیس هەمیشە لەسەر نەزانی خودی دروست بووە بەبەراورد لەم شتانەی لە دەوروبەریدا هەیە لەگەڵ ناخۆشی و تەنگانەکانیدا. لەم جۆرەی ئایرۆنی کەسایەتییەکی نەزان بوونی هەیە و لە دەوروبەریشیدا کۆمەڵە خەڵکێکی زانا هەیە، بەشێوەیەکی دیکە ئەوەی بینەر لێی ئاگادارە و زانیاریی لەبارەوە هەیە کارەکتەر لێی ئاگادار نییە، ئەمە ئەو کاتەیە کە نووسەر ڕێگەدەدات خوێنەر شتێک بزانێت کە کارەکتەرەکە نایزانێت، ئەمە جیاوازی نێوان ئەوەیە کە کارەکتەرەکە بەلایەوە ڕاستە لەگەڵ ئەوەی کە خوێنەر دەزانێت ڕاستە، هەندێک جار ئێمە کاتێک دەخوێنینەوە پێگەیەکمان پێدەدرێت کە زیاتر لەکارەکتەر بزانین، بەردەوام دەبین لە خوێندنەوە تابزانین کاردانەوەی کارەکتەرەکە چۆن دەبێت. "ئایرۆنی دراماتیک دەوەستێتە سەر دوالیزمی نێوان (زانین و نەزانین) کەسایەتییەک دەکەوێتە ناو بازنەی نەزانین و ئەوەی تر لە بازنەی زانینە". (عبدالخليفة، 2004:60). لێرەدا ئایرۆنی دوانەیی دێتە کایەوە زانا و نەزان، کەسایەتییەک کە ڕۆڵی نەزان و خەڵکانی دەوروبەری زانانن، نووسەر بە ئەنقەست کارەکتەرێک بەکاردەهێنێت کە ئاگاداری کارو کردەوەکانی خۆی نەبێت، یاخود کارەکتەرێک بەکاردەهێنێت کاربەڕێکەری ڕووداوەکان بێت و ئەو ڕەفتار و کردەوانەی ئەنجامی دەدات پێچەوانەی لۆژیک بێت و ئاگای لە ئەنجامی ڕووداوەکان نەبێت. بەم پێیە سێ لایەن بەشدارن، لایەنی یەکەم کارەکتەرێک لەبەرگی نەزانیدا، لایەنی دووەم لایەنەکانی دیکەیە لە کارەکەدا، لایەنی سێیەم خوێنەر یان وەرگر یان

جەماوەر بینەرە، کە دەکەوێتە بازنەی زانینەوە لەسەری پێویستە ڕاستی ڕووداوەکانی دەوروبەری بزانێت.

ئایرۆنی لە شانۆی یۆنانییەکان پەیوەستە بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، کە قەزا و قەدەر یاخود ویستی خودایی هێزی زاڵە بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان و تراژیدیاکان، زۆرجار پاڵەوانەکە کەسێکی لوتبەرزە و بەرانبەر ویستی خوداکان دەوەستێتەوە، بۆیە پاڵی پێوە دەنرێت بەشێوەیەک کە پێی نازانێت و شاراوە بێت لێی، بە هۆی ئەو لوتبەرزی و خۆبەزلزانییەوە ڕەگەزەکانی ئایرۆنی دراماتیک دەردەکەوێت، بەشێوەیەک ویستی خودایی و قەدەر کەوتنێکی لەناکاو بۆ کەسایەتییەکی بەرز دەخولقێنێت. "باشترین نموونە لەمبارەوە شانۆگەری (ئۆدیبی پاشا)یە کە تێیدا ئۆدیب بە دوای کەسێکدا دەگەڕێت باوکی کوشتووە، سەرەڕای ئەوەی ئەنجامدەری ئەو کارە بۆ خۆیەتی، لەبەر ئەوە لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامە زۆر شپرزە و تورە دەبێت و لە پەشیمانیدا چاوەکانی خۆی کوێر دەکات".(ئەبدورەحمان،2008: 77).

(دێنیس هاوارد گرین- D.H. Green) فەلسەفەناسێکی ئینگلیزی بوو، مەرجی بەدیهاتنی ئایرۆنی دراماتیک لە سێ لایەن کورت دەکاتەوە، ئەوانیش:

1. پێویستی بە گرژی هەیە لە کاری گێڕانەوەدا، ئەم گرژییە دەتوانرێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەسایەتییەک کە بەکەمتەرخەمی دەناسرێتەوە بەرانبەر کەسێکی بەهێزتر لەو.
2. کارەکتەری یەکەم بێ ئاگایە لە هەلومەرجەکانی دەوروبەری، کە دژایەتییەک لەنێوان ڕواڵەت و واقیعدا دروست دەکات.
3. ئەوانی دیکە، واتا بینەر یان ئەوانەی بەشداری ناکەن لە دروستکردن یان دەرهێنانی ڕووداوەکان، بەتەواوی ئاگاداری بارودۆخی ڕاستەقینەی ئەو کەسایەتییە بێ ئاگایە بن، کە دەبێتە قوربانی ئایرۆنییەکە. (Green,1979: 250-251).

ئایرۆنی دراماتیکی نزیکیەکی زۆر بەهێزی هەیە لەگەڵ ئایرۆنی بارودۆخ، بەجۆرێک هەردووکیان ڕووداوەکان بەڕێوەدەبەن بۆ ئەوەی بگەن بە کۆتاییەکی ئایرۆنی، بەڵام جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوانیاندا هەیە ئەوەیش " لە ئایرۆنی دراماتیک بینەر پێش کارەکتەر ئاگاداری بارودۆخی ڕاستەقینەی کارەکتەرەکە دەبن". (Morner,Rausch,1991: 11). لە ئایرۆنی بارودۆخ ئەنجامی کۆتایی بۆ کارەکتەر ئاشکرا دەبێت، یاخود چەند لایەنێک لە سەرەتای ڕووداوەکەوە بۆ کۆتاییەکەی دەزانن، بەڵام لە ئایرۆنی دراماتیک کارەکتەر ئاگاداری ئەنجامی ڕووداوەکان نییە.

لەمبارەوە نموونەیەک لە قورئانی پیرۆز وەربگرین، خودای گەورە لە سورەتی یوسف دەفەرمووێت "قَالُوٓا۟ إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن قَبْلُ ۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِى نَفْسِهِۦ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ۚ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ۖ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ(77)".(یوسف، 77).

پێغەمبەر یوسف سەلامی خودای لێبێت کاتێک میوانداری براکانی دەکات دەزانێت ئەوانە برای ئەوون، بەڵام براکانی یوسف ئاگاداری ئەوەنین کە یوسف برای ئەوانە، هەروەها ئەوان نازانن کە ئەوەی ڕوودەدات یوسف دەیزانێت و چۆنی بەڕێوە دەبات لێرەدا ئەمە ئایرۆنی دراماتیکە، بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کەوا یوسف نازانێت ئەمانە برای ئەوون ئەمە دەبێتە ئایرۆنی بارودۆخ.

## 4. جۆرەکانی ئایرۆنی لە شیعری (تەڵعەت تاهیر)دا

لە باسی پێشوودا ئاماژەمان بە جۆرەکانی ئایرۆنی کرد و تایبەتمەندی هەریەکە لەم جۆرانەمان دەستنیشانکرد. لەم باسەدا جۆرە جیاوازەکانی ئایرۆنی و ڕەنگدانەوەی هەریەکێک لەو جۆرانە لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا پراکتیک دەکەین.

**1. ئایرۆنی وشەیی:** یەکێکە لەو جۆرانەی ئایرۆنی کە لە نێو دەقە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا ڕەنگدانەوەی هەیە و بەکارهاتووە، کە شاعیر بۆ چڕکردنەوەی دەقەکەی و جووڵاندنی ئاوەزەی خوێنەر بەکاریهێناوە، بەشێوەیەک ئەو دەقانەی کە دەچنە چوارچێوەی ئەم جۆرەی ئایرۆنییەوە دوو واتای دژ بەیەکتر لە خۆدەگرن، کە یەکێکیان نزیکە لە ئەنجامی لێکدانەوەی پێکهاتەی زمانەوانی، ئەوی دیکەیان پێکهاتەیەکی شاراوەیە، لە ئەنجامی وردبوونە و لێکدانەوەی

دەقەکە خوێنەر دەیدۆزێتەوە. مەبەستی سەرەکی لە ئایرۆنی وشەیی دۆزینەوەی ئەو واتا راستەقینەیە کە نووسەر لە پشتی واتا سەرەتاییەکە یان ڕووکەشەکە شاردوویەتەوە.

لەمبارەوە، لە شیعرێکدا بە ناوی(**نێرینە**) دەڵێت:

بە تەمابووی بە گوڵێکەوە لە دەرگات بدات؟!
مێژووی نێرینەیی ڕوونە
پیاو هەمیشە ئەو تۆپەیە
شووشەی پەنجەرە دەشکێنێت.

(تاهیر،2024:231)

لەم شیعردا سەرنجی شاعیر لەسەر ڕەگەزی نێرە و کردوویەتی بە سەنتەری دەقەکەی، باسی ئەو نەهامەتیی و ناخۆشیانە دەکات، کە ئافرەت بە دەست ڕەگەزی نێر و ئەو ڕەفتارە خراپەکانی دیتویەتی. شاعیر بەشێوەیەکی لێزانانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوو لایەنی جیاواز، کە لە ڕووی پێکهاتەی بایەلۆجیەوە جیاوازن وێنەی ئایرۆنی وشەیی دروستکردووە، کاتێک شاعیر دەڵێت (مێژووی نێرینەیی ڕوونە) ئاماژەیەکی زۆر قووڵی تێدایە بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕەگەزی نێر، بەناوی کلتوور و عەشیرەت و دابونەریت و سەپاندنی هێزی بنەماڵە. ڕەگەزی مێیان ئازار داوە لە شێوەی (ژن بە ژن، گەورە بە بچووک، زیندەبەچاڵکردن و کوشتنی ئافرەت بە ناوی پاراستنی شەرەف...هتد) هەموو ئەمانە و زۆر نموونەی دیکەش لە دێرزەمانەوە بەرانبەر ڕەگەزی مێ ئەنجامدراوە، لە بەرانبەردا ئافرەت بوونەوەرێکی هەستیارە و میهرەبانە و ڕوانینی جوانە بەرانبەر دەوروبەرەکەی، بۆ نموونە لەم نیوە دێرەدا شاعیر زۆر بە جوانی هەستی ئافرەتی نیشانداوە، کاتێک دەڵێت ( بە تەمابووی بە گوڵێکەوە لە دەرگات بدات؟!) کە ئەمە واتایەکی ئایرۆنی قووڵی لە پشتەوەیە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی نیشانەی پرس و سەرسوڕمان شاعیر ڕاماندەکێشێت بۆ واتایەکی دیکە، ئەویش ئەوەیە ئافرەت لە بیرو هۆشی خۆی جیهانێکی زۆر جوانی بەرانبەر ڕەگەزی نێر ئافراندووە، چونکە دونیای ئافرەت وەکو شووشەی پەنجەرە ناسکە بە بچووکترین شت دەڕووشێت، بەڵام مەبەستی شاعیر خستنەڕووی واتایەکی دیکەیە، ئەویش ئەوەیە، کە لە ژیانی ڕاستەقینە و مێژووی نێرینەیی ئەو گوڵە بوونی نییە کە ئافرەت چاوەڕوانی دەکات، بەڵکو بەشێک لە ڕەگەزی نێر بە پێچەوانەی ئەو ڕوانینەیە هەڵسوکەوت دەکەن، لە ڕێگەی هێز و دەسەڵاتەوە وەکو تۆپ ئەو پەنجەرەیە دەشکێنێت، بە واتایەکی دیکە دڵی ئافرەت دەشکێنێت بەهۆی لەناو بردنی هەموو ئەو خەون و ئاواتانەی هیوای لەسەر بەدیهاتنیان هەڵچینی بوو.

**لە شیعرێکدا، کە بۆ سەرۆک و سەرکردە نووسیوویەتی، دەڵێت:**

زەعیم هەموو شتێکی لە پێناو ئێمەیە
ئێمەی بێ وەفا!
کارگەی جگەرەی داناوە
بۆ ئەوەی بە دیار دەسکەوتەکانەوە بە بای دەین
کارگەی کلینسی داناوە فرمێسکی خۆشیی پێ بسڕین
کارگەی دەرمانی داناوە و هێند پەرۆشە
لە گەچیش حەب دروست دەکا!
باخچەی کردۆتەوە تا بە پارەیەکی کەم
منداڵەکانمان کەروێشک ببینن.

(تاهیر،2025: 37)

ئەم دەقە شیعرییە هەڵگری ناوەرۆکێکی سیاسییە، باس لەو کارو کردەوانە دەکات، کە زەعیم واتا سەرکردە یان

پێشـەوای وڵات بەرانبەر گەلەکەی ئەنجامی دەدات. شـاعیر لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەسـتەواژەی تەنزئامێز و مەبەسـتدار وێنەی ئایرۆنی وشـەیی زۆر وردی دروستکردووە، سـەراپای دەقەکە یەکانگیرە لە ئایرۆنی وشـەیی، بەشـێوەیەکی دیکە لە دێری یەکەمەوە تاوەکو کۆتایی شاعیر دەربڕینەکانی تەواو پێچەوانەی مەبەست و ئامانجەکەیەتی، کۆمەڵێک واتای لە پشتی دەقەکە شاردۆتەوە، کە شا ئامانجی شاعیر لەو واتایە شاراوانەیە. بە پێی واتای ڕووکەش زەعیم کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری میللەتەکەیەتی هەموو شـتێک دەکات لە پێناوی میللەتەکەی، بەڵام ئەوان بێوەفان بەرانبەر زەعیم ، بەڵام لە واتای مەبەسـت ئەمە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە ئەوەی بێ وەفایە زەعیمە، بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی لە پێش هەموو شتێکە و هەمیشە منەت دەکات، بازرگانی بە هەموو شتێکەوە دەکات لە پێناوی بە دەستهێنانی پارە، هەزار فێڵ دەکات و دواتر بەناوی دەسـتکەوت دەیفرۆشـێتەوە. بە درێژایی قوڵبوونەوە لە دەقەکە پەیتا پەیتا ئەو واتایانە دەردەکەون، کە شـاعیر ئامانجیەتی خوێنەر درکی پێبکات. دەڵێت: کارگەی جگەرەی داناوە بۆ ئەوەی بە دیار دەستکەوتەکانەوە بە بای بدەین، دەستکەوت و جگەرەی لە بەرانبەر یەکدی بەکارهێناوە، کە دووشتن تەواو پێچەوانە و دژی یەکترن، مەبەسـت لەو دەسـتکەوت ئەو هەڵوێسـتە و بەڵێنانەن، کە زەعیم بە میللەتەکەی داوە و هیچی جێبەجێ نەکردوون، یان ئەو بارودۆخە ناخۆشـانەی کە تووشـی هاتوون وەکو (بێ مووچەی، دەربەدەری، نادادپەروەری، داگیرکاری....هتد) ئەمانە هەموو ئەو دەستەکەوتانەن زەعیم پێشکەشی کردوون و شایستەی ئەوەیە جگەرەی لە دیار بکێشـرێت، دواتر شـاعیر بە شـێوەی تەوسـەوە دەڵێت زەعیم کارگەی کلینسـی داناوە بۆ ئەوەی فرمێسـکی خۆشـی پێ بسڕن و کارگەی دەرمانی داناوە و هێند پەرۆشە لە گەچیش حەب دروست دەکا، ئەو فرمێسکەی شاعیر مەبەستیەتی فرمێسکی خۆشی نییە، بەڵکو فرمێسکی ناخۆشی و دەردەسـەری و نەهامەتییە کە بە درێژایی مێژوو میللەت تووشـی هاتووە. لە دوایدا لە ڕێگەی دەستەواژەی (بەپەرۆشە) وێنەیەکی دیکەی ئایرۆنی وشەیی نیشانداوە، چونکە ئەم پرۆشییە نیشـانەی خەمخۆری زەعیم نییە، بەڵکو نیشـانەی بێ ئەمەکی و بێوەفایی زەعیمە، بازرگانی بە هەموو شـتێکەوە دەکات، تەنانەت دەرمان و حەبی بەسـەرچوو دروسـتدەکات، کە وەکو گەچ وایە و هیچ لایەنی تەندروسـتی ڕەچاو ناکات، بە هۆیەوە سـاڵانە چەندین کەس گیان لە دەسـتدەدات، بێ وێژدانی زەعیم بە ڕادەیەکە لە پێناوی کۆکردنەوەی پارە و سامان بازرگانی بە گیانی مرۆڤەکانیش دەکات. زەعیم لە بچووکتریت شت تاوەکو گەورەترین شت بەشی هەیە، جیهانی منداڵیشی قۆرخ کردووە ناهێڵێت بە ئازادی خۆیان چێژ لە شتە سرووشتیەکانی دەوروبەرییان وەربگرن.

لە شیعرێکی دیکەدا، دەڵێت:

**لۆکە**

جوتیارەکە، گلەیی لە بەرهەمی گەنم و جۆکانی دەکرد
دڵم نەهات پێی بڵێم
لێرە برین هێندە زۆربووە
باشترین شت چاندنی لۆکەیە لۆکە.

(تاهیر،74:2024)

شاعیر هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ناونیشانی (لۆکە) سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و تاڕادەیەک بیروهۆشی خوێنەر بەرەو جیهانێکی پڕ لە دڵخۆشـی و جوانی دەبات، چونکە لۆکە لە واتای دەوروبەردا وێنایەکی نەرمی و جوانی و ناسـکی...هتد هەیە، بەڵام کاتێک لە ناوەرۆکی دەقەکە وردبینەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە (لۆکە) واتایەکی زۆر جیاواز هەیە، کە بۆ چارەسەرکردن و سارێژکردنی برین بەکارهاتووە، ئایرۆنی وشـەیی لەسـەر بنەمای نا ڕوونی و دووانەیی واتا دامەزراوە، چونکە (لۆکە) هێمایەکە دوو مەبەسـتی لە خۆیگرتووە، مەبەسـتێکی حەرفیانەی دیار و مەبەسـتێکی شاراوەی قووڵ. لە سەرەتادا شاعیر باسی بەرهەمی جووتیارێک دەکات، کە سەختی و ماندووبوونی زۆری چەشتووە و چاوەڕێی دەکرد ئەوەی چاندوویەتی بەرهەمێکی باشـی هەبێت، بەڵام دیارە کە بەرهەمەکەی باش نەبووە. مەبەسـتی سـەرەکی شاعیر لێردا بەرهەمی گەنم و جۆ دانەوێڵە نییە، بەڵکو مەبەستیەتی دەلالەت لە میللەتێک بکات، کە بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان سـەخت و تووشـی چەندین گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و مێژوویی..هتد بوون، بە هۆیەوە

بریندارن، بەڵام لە بەرانبەر ئەو برینانەدا هیچ چارەسەرێک نییە. ئەو جوتیارەی باسی دەکات مەبەستی لە دەسەڵات و حکومەتە بەرهەمێک بە گەڕ ناخات کە میللەتەکەی پێویستی پێیەتی و ببێتە هۆکاری چارەسەری برینەکەی، بەشێوەیەکی گشتی لەم دەقەدا واتای زۆر قووڵ هەیە، کە نووسەر لە پشتی جوتیار و بەرهەمی گەنم و جۆ و لۆکە شاردوویەتەوە، ئەویش درک نەکردن و تێنەگیشتنە لە نێوان ئەو شتانەی کۆمەڵگە پێویستییەتی، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگە بۆی دەستبەردەکرێت. لەم دەقەدا مەبەستی شاعیر لەچاندنی لۆکە ئەوەیە، کە کۆمەڵگا پێویستی بە سارێژکردنی برینەکانە، کۆمەڵگا زامی هێندە زۆرە بەچاندنی گەنم وجۆ سارێژنابێت، بەڵکوبە چاندنی لۆکەو دانانی لەسەربرینەکان.

زەعیم دروستکەری وەرزەکانە
بە قسەکانی بەهار دێنێ
بە کردەوەکانیشی پایز.

(تاهیر،2025: 39)

ئەم دەقە شیعرییە لە کرۆکدا هەڵگری واتایەکی زۆر قووڵە و مەبەستێکی گەورەی لە پشتەوەیە. شاعیر لە چوارچێوەی زمانێکی هونەری و نزیک لە زمانی وەرگر دەقەکەی بەرهەمهێناوە، کە خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ لێکدانەوەی واتای دیکە و جیاواز لەو واتایەی لە ڕووکەش نیشانیداوە. لە واتای ڕووکەشدا زەعیم ئەو کەسەیە دروستکەری وەرزەکانە، واتا بە کەیفی خۆی (بەهار و پایز و زستان و هاوین) بۆ خەڵک دروستدەکات، ئەویش نەک لەبەر دڵسۆزی زەعیم بێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندەی تاکەکەسی و بنەماڵەکەیەتی، یەکێک لەو وەرزانەی کە بە قسەکانی و گووتەکانی ژیان سەوز دەکات و گیا دێنێتە چۆکان وەرزی بەهارە، کە پڕە لە جوانی ژیانەوە، بەڵام لە کرۆکدا ئەو زەعیمەی شاعیر مەبەستیەتی لە ڕێگەی ئەو بەڵێنانەی کە بە میللەتەکەی داوە هیچیان جێبەجێ ناکات و ژیانیان دەکاتە پایز و خەزان و هەڵوەرینی هیوا و ئاواتەکان، هەروەها بۆمان دەردەکەوێت مەبەستی سەرەکی زەعیمێکە کە قسەکانی و کردارەکانی لەگەڵ یەکدی یەکناگرێتەوە، ئەمەش نموونەیەکی زۆر ڕوونە لە بارەی ئایرۆنی وشەییەوە، کاتێک دەقەکە دەخوێنینەوە و وردبینەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە شاعیر لە ڕێگەی واتای ڕووکەشەوە پەلکێشمان دەکات بەرەو واتا و مەبەستێکی دیکەی زۆر قووڵ و تەواوی ئەو ڕاستییەکەمان بۆ دەردەکەوێت.

**نواندن**

ئەوانەی وەکو من ئێوارەیان خۆش دەوێ
پەیوەندی بە نواندنی ڕۆژانەیانەوە هەیە
بێ ئەوەی پرسیاریشیان لێ بکرێت
لە دووریی ئازیزێک زوو زوو لەبەر خۆیانەوە دەڵێن: باشین
باش، هەروا دەبێ
شەویش وەکو پەردەیەکی ڕەش دێت و کۆتایی بەم
شانۆگەرییە دێنێت.

(تاهیر،2024: 110)

دەقەکانی تەڵعەت تاهیر لە شاعیرانی پێش خۆی جیادەکرێتەوە، بەوەی بوێرانە دەست بۆ زۆر وشە و دەستەواژە دەبات، کە جوانییەکی ئامادەی تێدانییە، بەڵام کاتێک دەیخاتە چوارچێوەی دەقی شیعرییەوە جوانییەکی تایبەت و تەزوویەکی ستاتیکی بە وشە و دەستەواژەکە دەبەخشێت، هەر خۆیشی لەمبارەوە دەڵێت: لە ئەدەبیاتی ئێمە هەندێک وشە و دەستەواژە هەیە کە جوانییەکی ئامادەی تێدا هەیە، بۆ نموونە(پەپولە) ستاتیکی ئامادەی تێدا هەیە، ئەوەی لە ڕوانگەی من و تۆوە دروست دەبێت لەناو هێنانی پەپولە شتێکی ناسک و کراوەیە، بەڵام وشەیەکی وەکو (خوێ یان مەسینە) جوانی ئامادەی تێدا نییە، کێشەکە ئەوەیە شاعیرانی ئێمە هەمیشە دەست دەبەن بۆ ئەو وشانەی جوانییەکی

ئـامـادەی تێدا هەیە دوورکەونەوە لەوانەی تەزووی ســـتـاتیکی تێدا نییە. (حەســـەن،2023: 99). لەم دەقەدا هەر لەناونیشانەوە سەیری بکەین (نواندن) جوانییەکی ئامادەیی تێدانییە، بەڵام شاعیر لەناو چوارچێوەی دەقەکەیدا واتایەکی زۆر جوانی بە نواندن بەخشـیوە، کە تەواوی دەقەکە لەسـەر ئەو ناونیشـانە بەندە و واتایەکی فراوان بە دوای خۆیدا دەهێنێت و وردە وردە دەمانبات بەرەو واتای ئەو دیوی دەقەکە. شـاعیر ئـاماژە بەوە دەکات ئەوانەی ئێوارەیان خۆشدەوێ پەیوەندی بە نواندنی ڕۆژانەوە هەیە، مەبەستی سەرەکی لە خۆشویستنی ئێوارە و نواندنی ڕۆژانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەسێک بۆ ئەوەی دەوروبەرەکەی هەست بە خەم و دڵتەنگییەکەی نەکات لە ژیانی ڕۆژانەدا نواندن دەکات، بەڵام کاتێک ئێوارە بە تەنیا دەمێنێتەوە ئەو نواندنە کۆتایی پێدێت، لە ڕۆژدا خۆی وەکو کەسـێکی دڵخۆش دەردەخات و لە ڕاستیشدا ئەو دڵخۆشییە بوونی نییە لای ئەو کەسە، کاتێکیش دەوروبەرەکەشی هەواڵی دەپرسن دەڵێت (باشین باش هەروا دەبێ) لەم نیوە دێرەدا کرۆکی ئایرۆنی وشـەیی دەردەکەوێت، چونکە شـاعیر بە ئەنقەسـت وشـەی (باش)ی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی درک بەو ڕاستییە بکەین کە مەبەستییەتی، لەپشتی ئەو باشە واتایەکی دیکە هەیە، کە مەبەستی سەرەکییە. لە لۆژیکدا باش بە واتای کەسێک دێت کە لە ڕووی تەندروستی و دەروونییەوە هیچ کێشەی نییە، بەڵام لەم دەقەدا بەکارهێنانی باش تەواو پێچەوانەی واتای خۆیەتی، بە مەبەستی نائارامی و حاڵەتی خراپی کەسێک بەکارهاتووە، کە دوورە لە کەسـێکی ئازیزی، بەڵام ئەو کەسـە نواندن دەکات و حاڵی خراپی لەناو ئەو باشـیانە دەشـارێتەوە و وەکو پەردەیەک بۆ گرتنی پێش چاوی دەوروبەرەکەی بەکاریدەهێنێت، کاتێ شـــەو دادێت کۆتـایی بـەم نواندنـە دێنێت و بارودۆخە ڕاستەقینەکەی شاعیر دەردەکەوێت، ئەویش نائارامی و دڵتەنگی دووری ئازیزە.

## 2. ئایرۆنی بارودۆخی:

لە ئایرۆنی بارودۆخیدا دوو ڕووداو یان دوو هەڵوێسـت و بارودۆخ دەخرێتە ڕوو، کە هەڵوێسـت و ڕووداوی یەکەم لە پێناوی ڕووداوی دووەم نووسـەر بە ئەنقەست دروستی کردووە، دواتر لە ئەنجامی بەراوردکردنی ئەم دوو هەڵوێستە یان بارودۆخە جۆرێک لە سەرلێشێواندن و هەڵخەڵەتاندن بۆ خوێنەر دروست دەبێت، خوێنەر لە سـەرەتادا لێکدانەوە و بۆچوونێکی هەیە، بەڵام لە میـانـەی هـاتنـەناوەوەی بـارودۆخی دووەم خوێنەر لێکدانەوەکەی دەگۆڕێت و ڕاســـتی بـارودۆخەکەی بۆ دەردەکەوێت، لە ئەنجـامی ئەم گۆڕانکـارییە لە هەڵوێســـتی خوێنەر ترۆپکی ئـایرۆنی بـارودۆخی دەردەکەوێت و هەست بەو پەیامە دەکات، کە شاعیر لە پشت هەردوو بارودۆخەکە شاردبوویەوە. ئەم جۆرە ئایرۆنییە لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا پانتاییەکی فراوان و چڕی داگیرکردووە، بەشێوەیەک دوو لەسەر سێی شیعرەکانی دەچنە چوارچێوەی ئەم جۆرەی ئایرۆنییەوە، واتا زۆرترین دەرکەوتەی ئایرۆنی لە شـــیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا لە جۆری ئایرۆنی بارودۆخییە، کە بەشێوەیەکی لێزانانە لە شیعرەکانیدا خوێنەر بەرەو چەند بارودۆخێکی جیاواز پەلکێش دەکات.

بۆ نموونە لە شیعرێکدا بەناوی (**بۆنی شیر**) دەڵێت:

دایکمان، لە تەنیشت دایکی ناشت
مەلا هەر باسی ئاگری قیامەتی دەکرد
کە چی لە قەبرستانەکە تەنها بۆنی شیر دەهات.

(تاهیر،2024: 57)

شـــاعیر لەم دەقەدا دوو دیمەنی بەراوردی یەکدی کردووە، کە تەواو پێچەوانەی یەکترن. یەکەمیان دیمەنی ناشـــتنی دایکێک و وتاری ئەو مەلایەی دوای ناشـــتنەکە بۆ خەڵکی باســـدەکات، دیمەنی دووەم نیشـــاندنی هەســـتی بۆنکردنی قەبرەســـتانەکە لە لایەن ئەو کەســـانەی کە لە پرۆســـەی ناشـــتنەکە ئامادەبوون. دیمەنی یەکەم ئاماژەیە بۆ هەبوونی بارودۆخێکی ناخۆش، ئەویش ناشـــتنی دایک لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە وتاری مەلاکە پڕە لە ترس و دڵەڕاوکێ، بەڵام دیمەنی دووەم تەواو پێچەوانەیە، چونکە بۆنی شیر ئاماژەیەکی زۆر قووڵ و واتایەکی فراوانی هەیە، یەکێک لەو واتایانە

دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی دایک بە جگەرگۆشـــەکەی، چونکە منداڵ دوای ئەوەی دێتە دونیا یەکەمین پەیوەندی لەگەڵ دایکی لە ڕێگەی بۆنکردنی شـیری دایکی و خواردنی ئەو شـیرەیە، بەمشـێوەیە منداڵەکە هەسـتی بە ئارامییەکی زۆر دەکات و خۆشەویستی لە نێوان دایک و ڕۆڵەکەی دروست دەبێت. لە واتایەکی دیکەدا بۆنی شیر ئاماژە بە میهرەبانی و باشییەکانی دایک دەکات یان بیرخستنەوەی پەیوەندی نێوان (دایک-ژیان-منداڵ)ە، دەتوانین چەند واتای دیکەی جوان بۆ بۆنی شیر دەستنیشان بکەین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای نووسینی شیعری تەڵعەت تاهیر لە هەڵبژاردنی وشەکان، چونکە زۆربەی جار بـابەتەکـانی لە چوارچێوەیەکی دیـاریکراو و داخراو نییە، بەڵکو بـابەتێـک دەوروژێنێت خوێنەر دەتوانێت چەنـدین لێکدانەوەی بۆ بکـات بێئەوەی هیچ کـامیـان هەڵە بێت. لە چوارچێوەی ئەم دەقەدا خوێنەر و ئەو کەسانەی بەژدارن لە پرۆسەی ناشتنەکەدا جۆرە ڕوانینێکیان هەیە بە هۆی مردنی دایکەکە و وتاری مەلایەکە، کە پێیان وایە دەبێت قەبرستان بۆنی لاشەیەکی مردوو لێبێت، بەمشێوەیە هەموو ئاراستەکان بەرەو نەرێنی دەڕۆن، بەڵام کاتێک دیمەنی دووەم دێتە پێش و بۆنی شـــیر دێت، ئاســـۆی چاوەڕوانی دەگۆڕێت و بابەتەکە بە لایەکی دیکە ڕێدەکات، چاوەڕوانییەکان لە بۆنی لاشـــەی مردوو بۆ بۆنی شـــیر دەگۆڕێت، چونکە دایک ئەوەندە میهرەبانە لە دوای مردنیشـــی ڕۆڵەکەی بە هەمان دیدی کە لە ژیان مابوو لێی دەڕوانێت. لە کۆتایی لەو کۆدانە تێدەگەین شـــاعیر لە پشـــتی هەردوو دیمەنەکە حەشاریدابوو، لە ڕێگەی باسکردنی بارودۆخێک بەرەو بارودۆخێکی دیکەی جیاوازمان دەبات، ئەمەش کرۆکی ئایرۆنی باردۆخییە.

**لە شیعرێکی دیکەی بۆ دەسەلات، دەڵێت:**

ئەوانەی پێش وەرگرتنی دەسەڵات دەیانگوت: کفن
گیرفانی نییە.
دوای وەرگرتنی دەسەڵات بوونە فیرعەون و دوو هێندی
ڕمسیسی دووەم و جەنگیزخان ئاڵتوونیان کۆکردەوە.

(تاهیر،2025: 77)

زۆرجار شـاعیر لە ڕێگەی ئاماژەپێکردن دەســەڵات و سـیاســەتی وڵات، نموویەکی زۆر وردی ئایرۆنی دەوروژێنێت، وەکو ئەو نموونەی ســەرەوە، دوو بارودۆخی دەســەڵاتداران بەراوردی یەکدی دەکات، کە پێش وەرگرتنی دەســەڵات هەڵوێســتیان چۆن بووە و دوای دەســەڵاتیش هەڵوێســتیان چۆن دەگۆڕێت، لەم ڕێگەوە بەرەو کۆتاییەکی ئایرۆنیمان دەبات. لە بارودۆخی یەکەمدا باس لە کۆمەڵێک کەســایەتی دەکات، کە پێش ئەوەی دەســەڵات وەربگرن و ببنە خاوەنی پارە و سـامانێکی زۆر، پێیان وابوو هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی پارە و سـامانێکی زۆر و بە دەسـتهێنانی شـتە ماددیەکان دەرەنجامێکی باشـی نییە، چونکە مرۆڤ لە دوای مردنی هیچ یەکێک لەو شـتانەی کە لە دونیادا بە دەسـتیهێناوە لەگەڵ خۆی نابات، بە پێی ئەم هەڵوێستە سەرنجی وەرگر بە لاڕێدا دەبات و وا دەزانێت تاوەکو کۆتایی بارودۆخەکە هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە و چاوەڕوان دەکات ئەو کەسانەی کە پارە و سامانیان بە لاوە هیچ گرنگ نەبوو، هەر بەو شێوەیە بمێننەوە. بەڵام بارودۆخێکی دیکەی جیاواز دێتە پێش، نەک تەنها جیاواز بەڵکو تەواو بارودۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە، لە بارودۆخی دووەم هەر ئەو کەســـانەی پێش وەرگرتنی دەســـەڵات دەیانگوت (کفن گیرفانی نییە) دوای وەرگرتنی کورسـی دەسـەڵات تەواو پێچەوانەی پێشـتر ڕەفتار دەکەن، شـاعیر دەیانچوونێت، بە هەندێک سـەکردەی زلهێزی وەکو (ڕمسـیسـی دووەم و جەنگیزخان) کە لەماوەی دەسـەڵاتیاندا پارە و سـامانێکی زۆریان کۆکردۆتەوە، تەواو پێچەوانەی ئەو قسـانەی لە پێشـتردا کردوویان هەڵسـوکەوت دەکەن. دوای تەواو بوونی دەقەکە لە ڕاسـتی بارودۆخەکە تێدەگەین، شـــاعیر لە ڕێگەی تێکەڵاوکردنی دوو ئاراســـتەی جیاواز و دژ بەیەکتری زۆر بە لێزانانە بەرەو مەبەســـتی ســـەرەکی خۆیمان دەبات، کە وا دەکات وەچەرخان لە ئاسۆی چاوەڕوانیمان ڕووبدات و بگەین بە کۆتاییەکی ئایرۆنیانە.

شاعیر لە شیعرێکدا بە ناوی **(ستایش)** دەڵێت:

لینین بە خۆی و هەموو کتێبەکانی

ستالین و فیلمەکانی، هۆنیکەر و یاساکانی
تیشاویسکۆ و گوتارەکانی، تیتۆ و بانگەوازەکانی
ماو و بە چاوی بچووک و بەڵێنە گەورەکانی
کاسترۆ بە خۆی و هەموو ئەدیبەکانی
هێندەی دایکم یەکسانخواز نەبوون
کاتێک لەناو مەنجەڵێکی مسی سپیکراوەوە
موعجیزەی لە ئاو دەکرد و دەورمان دەدا
سێ هێلکەی کوڵاوی بەسەر حەوت منداڵدا دابەش دەکرد.

(تاهیر،52:2024)

لە بەشی یەکەمی دەقەکەدا شاعیر بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر کۆمەڵێک کەسایەتی هەڵبژاردووە، کە خاوەن پێگە و ناوبانگێکی زۆر گەورە بوونە لە ماوەی ژیانیاندا، کە هەریەکێکیان لە وڵاتێکی جیا ژیاون و بانگەشەی ئازادی و دادپەروەرییان کردووە، بۆ نموونە (لینین) یەکێکە لە سەرکردەکانی شۆڕشی رووسیا بانگەشەی یەکسانی کردووە، (ستالین) سەرۆکی یەکێتی کۆماری سۆڤیەت بووە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە شکستی نازیدا لە جەنگی جیهانی دووەم، (هۆنیکەر ) سیاسەتمەدارێکی کۆمۆنیستی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی بووە، (ماو) یەکێک بووە لە سیاستمەدار و سەرکردەیەکی چینی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر مێژوو و کلتووری چین، هەموو ئەو سەرکردە و کەسایەتیانەی شاعیر لەناو دەقەکەیدا تەوزیفی کردوون بۆ ئەوە نییە، تاوەکو گەورەی و ناوبانگی ئەو کەسایەتییانە نیشان بدات، بەڵکو مەبەستێکی دیکە هەیە لە ناوهێنانەی هەریەک لەمانە، ئەو مەبەستەش لەو لایەنە دەردەکەوێت، کاتێک دەڵێت: (هێندەی دایکم یەکسانخواز نەبوون) واتا هەرچەندە تەواوی ئەو کەسایەتییانەی بانگەشەی یەکسانییان کردووە، بەڵام ناگەن بە ئاستی دایک لە یەکسانیدا، کە چۆن دایک یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان منداڵەکانی پەیڕەو دەکات، بە شێوەیەک ئەوەندە یەکسانخواز و دادپەروەر و دڵسۆزە دایک، دەتوانێت سێ هێلکەی کوڵاو بەسەر حەوت منداڵدا دابەش بکات وخۆیشی بێبەش بێت لەم ژەمە خواردنە لە پێناو تێربوونی مندالەکانی. لێرەدا شاعیر لە ڕووی هەڵبژاردنی بارودۆخ و ڕووداوەکانی زۆر بە وردی کاریکردووە و وێنەیەکی زۆر جوانی بۆ یەکسانی و میهرەبانی دایک دروستکردووە لە میانەی بەراوردکردنی لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردە و کەسایەتی بەناوبانگ، دواتر بە هۆی بەراوردکردنی ئەم دوو هەڵوێستە مەبەستی شاراوەی دەقەکە دەردەکەوێت، چونکە لە وردبوونەوەی هەڵوێستی یەکەم خوێنەر چاوەڕوانی بارودۆخێک دەکات، کە بەرەو وەسفی زیاتری کەسایەتییەکان بچێت، بەڵام دواتر دەڵێت: (هێندەی دایکم یەکسانخواز نەبوون) بارودۆخەکە تەواو پێچەوانەی چاوەڕوانی خوێنەرە، بە شێوەیەکی چاوەڕواندەکرا لە ئەنجامی ئەو هەموو وەسفەی بۆ کەسایەتییەکان دەکرا دەربارەی ئازادی و دادپەروەری، لە بەرانبەردا هەڵوێستێکی زۆر ئەرێنی بخرێتە ڕوو، بەڵام لە هەڵوێستی دووەمدا شاعیر ئێستاش ئەو کەسایەتیانەی لە بەرانبەر دایکادا پێ یەکسانخواز نەبوو. لە کۆتاییدا تێدەگەین شاعیر ئەو هەموو وەسف و باسکردنەی لە هەڵوێستی یەکەم خستییە ڕوو، لە پێناو دروستکردنی هەڵوێستی دووەم و بە لاڕێبردنی وەرگر بۆ ئەوەی واتا و مەبەستی ئامانج بپێکێت.

شاعیر لە شیعرێک، بە ناونیشانی(**مانگ**) دەڵێت:

لە شەوی جەژندا
ژنەکان، پەیتا پەیتا شەربەت و کولیچە و چەرەزاتیان ئامادە
دەکرد
برا گەورە کانیشی بۆ بینینی مانگ لە سەربان بوون
منداڵەکە دەیزانی مانگ لە کوێیە و نەیدەدرکاند
نەوەک دیسان مانگی سەردەرگای ئیسعافەکە بێت و
کەسێکی دیکەش ببات

وەک چۆن باوکە نەخۆشەکەی برد و

بە مردوویی هێنایەوە

(تاهیر،2024: 80)

لەم دەقەدا شـــاعیر دوو ڕووداوی بەراورد بە یەکتر کردووە، کە هەریەکەیان دەلالەت لە بارودۆخێکی لایەنێکی جیاواز دەکات لە شـەوی جەژندا، ڕووداوێک دڵخۆشـی ژنەکان و خۆئامادەکردنیان بۆ هاتنی جەژن، هەروەها چاوەڕوانی برا گەورەکانیش بۆ بینینی مانگ بەشـێکە لە ڕووداوی یەکەم، ڕووداوێکی دیکە نیگەرانی و دووڵی منداڵێکە بەرانبەر جەژن و بینینی مانگ. خوێنەر لە ســـەرەتاوە پەیتا پەیتا لەگەڵ کەســـایەتییە دڵخۆشـــەکان دەڕوات، کە بە بۆنەی جەژنەوە ئامادەکاری دەکەن و کولیچە شـــەربەرت و چەرەزات ئامادە دەکەن، دواتر بینینی مانگ لە ڕوانگەی برا گەورەکان مایەی دڵخۆشـیە، چونکە دەرکەوتنی مانگ نیشـانەیە بۆ هاتنی جەژن. وردە وردە خوێنەر لێکدانەوەکانی لەسـەر دیمەنی یەکەم هەڵدەچنێت و بەرەو دیمەنی دووەم دەڕوات، ئەویش دیمەنی منداڵەکە و ڕوانینیەتی بەرانبەر مانگ، کە ڕوانینەکەی تەواو پێچەوانەی برا گەورەکانە، دەرکەوتنی مانگ لە دیدی منداڵەکە شـــتێکی دیکەیە، لەبەر ئەوەی هەر ئەو مانگەی ئەوانەی دیکە باسـی دەکەن وەکو نیشـانەی خۆشـی و هاتنی جەژن، لە ڕوانگەی منداڵەکە تەواو پێچەوانەیە، لە بینینی مانگ ترسـاوە چونکە لەو کاتەوەی مانگی لەسـەر دەرگای ئیسـعافی دیتووە لای وایە هەموو مانگەکان بەو شـێوەن، بە دوای خۆیاندا ناخۆشـی دەهێنن وەکو هاتنی ئەو مانگەی لەسـەر ئیسـعافەکەیە و باوکە نەخۆشـەکەی لەگەڵ خۆی برد، کەواتە لە دەقەکەدا مانگ دوو واتای جیاوازی وەرگرتووە، واتایەک مانگ لە ڕوانگەی کەسـانێک نیشـانەی دڵخۆشـی و هاتنی جەژنە، لە ڕوانگەی منداڵێکیش کە مانگی لەســـەر دەرگای ئیســـعاف دیتووە مایەی ترس و کارەســـاتە و مردنە. بەمشـــێوەیە لە دوای کۆتایی هاتنی دیمەنی دووەم ئاســـۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگۆڕێت و ڕووبەڕووی بارودۆخێکی دیکە دەبێتەوە، لە مەبەسـتی شـاعیر و ئەو واتای لە پشـت دەقەکە شـاردبوویەوە دەگات، لە کۆتایدا ئایرۆنی بارودۆخی دەردەکەوێت لە ڕێگەی گۆڕانی بارودۆخەکە لە خۆشـــییەوە بۆ دوو دڵی و ترســـان، چونکە کرۆکی ئایرۆنی بارودۆخی بریتییە لە گۆڕانی بارودۆخێک لە شـێوەیەکە بۆ شـێوەیەکی دیکە، کە ئەو بارودۆخە چاوەڕواننەکراوە، لە لای هەریەکە لە کارەکتەر و خوێنەر.

هەر لە چوارچێوەی ئایرۆنی بارودۆخی لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**مۆتیڤ**

لەگەڵ تۆدا خەونی پەمەییم هەبوو

ئێستا بۆ وێنەکێشانم

ببینە

پارچەیەک ڕەژوو بەسە.

(تاهیر،2024:185)

ئەگەر لە ناونیشـانی ئەم دەقە وردبینەوە (مۆتیڤ)، کە بە واتای پاڵنەر یان بیرۆکەی سـەرەکی دێت، واتە ئەو بیرۆکە و پاڵنەرانەی کە شاعیر بەرەو دروستکردنی ئامانج و ئاواتێک دەبات، لە پەراوێزی ناونیشانەی دەقەکەوە خوێنەر تووشی فریودان دابێت و وردە وردە بەرەو دەسـتپێکی دەقەکە دەڕوات لەسـەر هەمان ریتمی ناونیشـانەکە، دواتر شـاعیر لە ڕێگەی باسـکردنی بارودۆخی خۆی و ئەو خەونە پەمەییەی هەیبوە خوێنەر زیاتر فریو دەخوات، چونکە خەونی پەمەیی وەکو گەورەترین هەستی ژیان وێنا دەکرێت یاخود ڕەنگی پەمەیی پەیوەندیدارە بە هەستی خۆشەویستی و ڕۆمانسییەت و ناسـکی، بەڵام لە دواییدا ئەو خەونە پەمەییە دەگۆڕێت بۆ ڕەژوو، لێرەدا خوێنەر تووشـی شـۆک دەبێت، چونکە چاوەڕواندەکرا ئەم خەونە پەمەییەی هەیبوو خۆشییەکی بێ کۆتا بە دوای خۆیدا بهێنێت، ببێتە سەرچاوەی دروستبوونی ژیانێک پڕ لە خۆشـی لەگەڵ ئەو کەسـەی ئاواتی پێدەخوازێت، بەڵام پێچەوانەی ئەوە ڕوویدا کە خوێنەر چاوەڕوانی دەکرد، لەگەڵ پێچەوانە بوونەوەی بارودۆخەکە و کۆتایی هاتنی دەقەکە خوێنەر وردە وردە لە ڕاسـتیی بابەتەکە تێدەگات، کە شـاعیر لە ڕێگەی هێنانی خەونی پەمەیی ویسـتوویەتی خوێنەر بە لاڕێداببا بەرەو دیمەنێکی دیکەی پەلکێش

بکات، ئەویش تێکشـــکانی ئەو خەون و ئاواتانەی کە هەبوو، ئەمەش مەبەســـت و ئامانجی ســـەرەکی واتای دەقەکە، هەروەها شاعیر لە ڕێگەی هێنانی دوو بابەتی دژ بەیەکتری ئەوانیش (پەمەیی، ڕەژوو) ئایرۆنی باردۆخی دروستکردووە، چونکە پەمەیی  دەلالەتە بۆ دروستکردنی دونیایەک کە هیچ نەنگی و ناخۆشییەکی تێدانییە، بەڵام ڕەژوو ڕەنگی ڕەشە و پێکهاتەیەکە ئاماژە بۆ ســووتان و بێهیوایی و ناخۆشــی، کە لە ڕێگەی باســکردنی خەونی پەمەیی خوێنەر لەســەرەتادا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی پۆزەتیڤ دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ هێنانە ناوەوەی ڕەژوو لێکدانەوە و بارودۆخی خوێنەر بەرەو عەقارێکی دیکە ڕێدەکات.

**ڕاوچی**

گوتی کە پەیوەندیمان هەبوو
کەس هێندەی ئەو بەڕێزەوە نەیدەدواندم
دوای هاوسەرگیری زانیم
بۆچی ڕاوچی بەبێ خشپە لە باڵندە نزیک دەبێتەوە

(تاهیر،2024: 229)

بە شـــێوەیەکی گشـــتی، ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دەقەکە بکەین، شـــاعیر دوو بابەتی تێکەڵاوی یەکتر کردووە، ئەوانیش هەڵوێســـتی ڕاوچییێک پێش ئەوەی نێچیرێک ڕاو بکات و دوای ڕاوکردنیشـــی، بابەتێکی دیکەش بارودۆخی ئافرەتێک پێش هاوســـەرگیری و دوای هاوســـەرگیری، ئەم لێکچواندنە ئاماژەیەکی قووڵە بۆ باسـکردنی نەهامەتییەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو، کە پیاوەکان تاوەکو هاوســـەرگیریان لەگەڵ دەکەن، وەکو ڕاوچی وان بۆ گرتنی نێچیر، کاتێک بە شـــێنەیی و لەســـەرخۆی لە نێچیرەکە نزیک دەبنەوە و دەیگرن، بەڵام دوای ئەوەی گرتی دەیخاتە ناو قەفەز و زیندانی دەکات، یان سـەری دەبڕێت، هەندێک پیاویش بە هەمان شـێوەی ڕاوچییەکە بە قسـەی نەرم و قسـەی باق و بریق لە ئافرەت نزیک دەبێتەوە، دونیـایەکی پەمەیی و پڕ خەون و ئـاواتی بۆ دروســـتـدەکـات، تـاوەکو بە دەسـتیدەهێنێت، بەڵام دوای هاوسـەرگیری ئافرەتەکە ڕووی ڕاسـتەقینەی پیاوەکەی بۆ دەردەکەوێت، هەموو ئەو قسـە و بەڵێنانەی پێش هاوســـەرگیری پێدابوو هیچ کامیان ڕاســـتنەبوون، تەنانەت وەکو باڵندەی ناو قەفەز ماڵەکەی لێدەبێتە زیندانی و هەمان چارەنووسی باڵندەکەی دەبێت، لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخی ئافرەتەکە لە ڕاستی بابەتەکە تێدەگەین، کە  شـاعیر بە مەبەسـتی نیشـاندانی بارودۆخی ڕاسـتەقینەی ئافرەتێکی بێتاوان لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو، هەموو ئەو باســـانەی دیکەی لەناو دەقەکەی تەوزیف کردووە، بۆ ئەوەی بەشـــێوەیەکی تراژیدی ژیانی ڕاســـتەقینەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو نیشـــان بدات، هەروەها گۆڕانی ئەو بارودۆخانە کە لە دونیایەکی پڕ لە ئازادی بۆ دونیایەکی زیندانی و نەهامەتیی و دەردەسەری بەرەو کۆتاییەکی ئایرۆنی بارودۆخیمان دەبات.

**3. ئایرۆنی دراماتیکی:** ئەمجۆرە بە هەمان شێوەی ئایرۆنی بارودۆخی پەیوەستە بە ڕووداو و هەڵویستی ناو دەقەکە، دوو بارودۆخی جیاواز بە درێژایی دەقەکە بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوەی جیایدەکاتەوە لە ئایرۆنی بارودۆخی، تەنها ئەوەیە لە ئایرۆنی دراماتیکی شـــاعیر و خوێنەر زانیارییان زۆر زیاترە لەو کارەکتەری دروســـتکەری ئایرۆنییەکەیە، چونکە لە پێشـــتردا ئاماژەمان پێکرد لە ئایرۆنی بارودۆخی زانیارییەکانی خوێنەر و کارەکتەر هاوتان. پەیوەســـت بە دەقەکانی تەڵعەت تاهیر ئەمشـــێوەی ئایرۆنی ڕەنگدانەوەی هەیە و بەشـــێک لە دەقەکانی دەچنە چوارچێوەی ئایرۆنی دراماتییکەوە، بەڵام بە بەراورد بە ئایرۆنی وشەیی و بارودۆخی دەرکەوتنی کەمترە لە چوارچێوەی دەقەکاندا.

شاعیر لە شیعرێکدا، کە بۆ **(هانە)**ی کچی گووتوە، دەڵێت:

ماڵی دڵی هێند پتەوە هیچ سەرنجێکی لەبارەی ڕەشەباوە نییە

بە ئاوەژوویی وەڵامی پرسیارەکانی دەدەمەوە
گەورەی ناکەم و تەونی خەونی ناشێوێنم
پێی ناڵێم ناتوانێت بە پایسکلی سێ تایە بچێتە سەر مانگ
دەریا لەو تەشتە گەورەترە کە مەلەی تێدا دەکات
ئاسمان لەو کڵاوەی فراوانترە هەرچەندە دوو ورچی تێدایە
پێی ناڵێم لە هاویندا زەوی بە شرووبی تا فێنک نابێتەوە
ئەو ڕاستییەی بۆ ڕاست ناکەمەوە
کە پێی وایە هەمووان ئەسڵمان لە خێزانی مەیموون
با هەر وا تێبگات
ئەستێرەکان پارچەی شکاوی ئەو ئاوێنەیە
کە باپیرەی ڕیشی لە بەردەم دەتاشی
با هەر وا تیبگات مردن یەکێکە لە خزمەکان

(تاهیر،275:2024)

لەم دەقەدا سوودی لە تەواوی خولیا و ئاوات و ڕوانینی کچەکەی بۆ ژیان وەرگرتووە و وێنەیەکی دراماتێکی زۆر ستاتیکی دروست کردووە، کچەکەی ڕوانینێکی جیاوازی هەیە بۆ ژیان و چەندین خولیا و ئاواتی هەیە، کە ئومێدی لەسەر بە دیهاتنیان چنیووە، بەڵام چەندین ڕاستی ژیان هەیە کە لێی ئاگادار نییە و دەبێتە بەربەست لە بەردەم خولیا و ئاواتەکانی ، بۆ نموونە شاعیر کاتێک دەڵێت: (ماڵی دڵی هێند پتەوە هیچ سەرنجێکی لە بارەی ڕەشەباوە نییە)، مەبەستی ئەوەیە چەندین بارودۆخی ناخۆش هەیە لە ژیاندا وەکو (ئاوارەی و دەربەدەری، زوڵم و ستەم..هتد) وەکو ڕەشەبان ژیانی تێکدەشێوێنن، بەڵام لە ماڵی دڵی ئەو هیچ کام لەو شتانە بوونی نییە، میهرەبانە و تەنها ڕوانینی بەرانبەر جوانییەکان هەیە، شاعیر لە پێناوی ئەوەی کچەکەی لە ڕاستی ئەو بارودۆخانە تێنەگات و خول و ئاواتەکانی نەچنە ناو گۆڕ، بە پێچەوانەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە بە جۆرێک تاوەکو کۆتای دەقەکە شاعیر لەسەر هەمان ڕیتم و ئیقاع دەڕوات، بە ئاوەژوویی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و تەواوی ڕاستییەکانی ژیان و کۆمەڵگە و سەردەمەکەی لە پێناوی ئەو جیهانەی کچەکەی دروستیکردووە دەشارێتەوە، لە دواییدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئایرۆنی درامی سەرانسەری دەقەکەی تەنیوە، شاعیر بە مەبەست کۆمەڵێک وێنە و لایەنی ژیانی خستوەتەڕوو، کە لە پشتیان واتایەکی زۆر قووڵ و مەبەستدار هەیە، هەروەها خۆی دان بەوە دادەنێت ئەو ڕاستییەی ئەو دەیزانێت نایەوێت بەرانبەرەکەی بیزانێت، ئەمەش کرۆکی بە دەستەوەدانی و دەرکەوتنی ئایرۆنی دراماتیکییە، کە تاوەکو کۆتای کەسێک لە بازنەی زانیین دابێت و ئەوی دیکە لە بازنەی نەزانین بێت.

ددان و نینۆکی ئێمە و
دڕکی گوڵەکان و
دەنووک و چڕنووکی ئاژەڵەکانی دەرهێناوە
تا نەبنە مەترسی بۆی
سیمای گەلێکی شێواند
بەس لە پێناو جوانکردنی ڕووخساری خۆی!

(تاهیر،83:2025)

زۆرجار شاعیران ئەدەب وەکو ئامرازێکی گرنگی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن، بە هۆی ئەم دەروازەوە ڕەخنە و دژایەتییەکانیان ئاڕاستەی دەسەڵات دەکەن لە ڕووی خراپی سیاستی بەڕێوەبردنی وڵات و ئەو نا هەقیانەی دەرحەق میللەتی دەکەن، بێگومان شیعرەکانی تەڵعەت تاهیرش بەدەر نییە لە باسکردنی ئەو لایەنە لە

زۆر شـوێندا و بە گشـتی ئایرۆنی وەکو ئامرازێکی گرنگی ڕەخنەی بەکارهێناوە، لە ناویشـیاندا ئایرۆنی دراماتیکی بە پلەیەکی زیاتر بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسـەڵات بەکارهێناوە. ئەم دەقە شـیعرییەی سـەرەوە نموونەیەکی بەرچاوە دەربارەی ڕەخنەگرتن لە دەسـەڵات، کە شـاعیر ئایرۆنی دراماتیکی دروسـتکردووە لە ڕێگەی بەکارهێنانی سـەرکردەیەکی فێڵباز و سـتەمکار، کە لە ترسـی لە دەسـتدانی دەسـەڵاتەکەی و بە هەزار و یەک شـێوە ڕەفتاری خراپ و ناشـیرنیان بەرانبەر دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە میللەتەکەی زۆرباش درک بە مەرام و ئامانجی ئەو دەسـەڵاتە دەکەن. شـاعیر دوو ڕووداوی دژییەکی بنیاتناوە بە مەبەسـتی شـاردنەوەی ڕووداوە سـەرەکییەکە. لە ڕووداوی یەکەم کۆمەڵێک دەسـتەواژەی توندی وەکو (نینۆک، درک، چڕنوک)ی بەکارهێناوە، ئاماژەن بۆ بەرەنگاربوونەوە لە زوڵم و ستەم و مەترسی و نادادپەروەری، دواتر لە ڕووداوی دووەم باس لە ڕووخسـاری جوان دەکات، کە تەواو پێچەوانەی ڕووداوی یەکەمە، چونکە شـاعیر بە مەبەستی دەرخستنی ئەو قێزەونیانەی دەسەڵات دەیکات ڕووداوی یەکەمی بەکارهێناوە، لە کۆتایدا خوێنەر تێدەگات ئەو دوو جیهانە دژبەیەکی شـاعیر دروسـتی کردووە ئامانجێکی دیکە لە پشـتەوەیە، مەبەسـت لێی خسـتنەڕووی ترسـنۆکی دەسەڵاتە لە میللەتەکەی و لە پێناو پاراستنی خۆی و دار و دەستەکەی هەموو کارێکی خراپ دەکات.

زەعیم ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنێتەوە
کە خۆی بۆ خۆی دەریدەکا
پێی سەیرە چۆن نووسەرەکان
لەو نەخێرە گەیشتبوون کە بیری چوو بوو بیڵێ؟!
یان ئەو زۆڵانە چۆن زانییان مەبەستی لەو نەخێرە، بەڵێ
بوو؟!

(تاهیر،2025: 29)

لەم دەقەدا دووبارە چەقی باسـەکە ئاراسـتەی دەسـەڵات و ئەو کەسـانەیە کە سـەرکردەی گەل و وڵاتێکن، شـاعیر دوو هەڵوێسـتی زەعیمی نیشـانداوە، یەکەم ئاماژەکردنە بەو ڕۆژنامەی زەعیم دەیخوێنێتەوە و بەردەوام خوێنەری ئەو ڕۆژنامەیە، کە خۆی دەریدەکات، واتا ئەو ڕۆژنامانەی کە لە بەرژەوەندی زەعیم قسـەدەکەن و نووسـین و هەواڵەکانی دڵخۆشـکەرن لای زەعیم، هەڵوێسـتی دووەم ڕووبەڕوو بوونەوەی زەعیم لەگەڵ هەندێک نووسـینی ناو ڕۆژنامەکە، کە زەعیم سـەری سوڕماوە لەوەی هەندێک شت هەبوو پێویست بوو بیڵێت، بەڵام نەیگووتووە کەچی نووسـەرەکان لەو مەبەسـتەی زەعیم گەیشـتبوون، ئەوەی زەعیم مەبەسـتی بوو و نەینوسـیبوو ئەوان لە شـوێنی پێویسـت ئاماژەیان پێکردبوو، تاوەکو کۆتایش زەعیم هەسـت بە بارودۆخە ڕاسـتییەکە ناکات و لە فکری خۆی وا دادەنێت ئەو کەسـانە لە زیرەک و دڵسـۆزیان بۆ زەعیم ئەو شـتانە دەزانن، ئاگاداری ئەوە نییە کە نووسـەرەکان لە فێڵ و ڕووی ڕاسـتەقینەی زەعیم گەیشتوون، زانیاری لە نێوان زەعیم و نووسەرەکان نا یەکسانە، ئەوەی زەعیم بیری چوو بوو بیڵێ یان بە هەڵە گووتبووی نووسـەرەکان پێش ئەو زانیبوویان. گرێی ئایرۆنی دراماتیکی لەم دەقەدا لەوەدا دەردەکەوێت کە زەعیم وا بیردەکاتەوە نووسەرەکان یان کەسانی دیکە لە بارەی مەرام و ئامانجی ئەو نازانن، ئاگادار نییە زانیاری نووسـەرەکان یان کەسانی دەوروبەری زۆر لە زەعیم زیاترە.

ئافەرین دەسەڵات
هەمیشە توانیوتە تەکنیکەکانی فێڵکردن تازە بکەیتەوە
ئیسفنج بە ناوی بەردەباز و
تۆڕ بە ناوی دەربازبوون و
گومان بە ناوی وەڵامەوە بفرۆشیتەوە!

(تاهیر،2025: 95)

ئەم دەقەی شـاعیر هەڵگری زۆرترین توانج و تەشـەرە لە دژی دەسـەڵات، کە لە قاڵبێکی هونەری سـەرنج ڕاکێش دەقەکەی هۆنیوەتەوە، لە سەرەتادا بە وەسفێکی دەسەڵات دەستپێکات، کە چاوەڕوان دەکرێت ئەو وەسفە بۆ کاری باش

بێت، بەڵام ئەو دەست خۆشییە بۆ زۆرزانی دەسەڵاتە کە هەزار تەکنیکی فێڵکردن بەکاردەهێنن و لەمبارەوە پێشەنگن، لەم دەقەدا دوو دیمەن یان دوو بارودۆخی دژ بە یەکتری تێکەڵاوی یەکتر کراون، نیشاندانی هەندێک شت وەکو هۆکاری فریادڕەس و ڕزگاربوون لە لایەن دەسەڵاتەوە وەکو بەکارهێنانی تۆڕ بەناوی دەربازبوون یان گومان بە ناوی وەڵام، لە ڕووکەشەدا وا دەردەکەوێت کە دەسەڵات زۆر دڵسۆزە و لە پێناوی دەربازبوون میللەتەکەی هەموو باشییەک دەکات، بەڵام لە واتایی قووڵ و ژێرەوەدا تێدەگەین هەر ئەو شتانە بوونەتە هۆکاریماڵوێرانی میللەتێک و هەزار و یەک تەکنیکی فێڵکردن بەکاردەهێنن لە پێناوی ڕووپۆشکردنی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان، بەڵام خوێنەر یان کەسانی دیکە هۆشیارن بەوە ئەو شانازیکردنەی دەسەڵات بەناوی دەربازبوون باسی دەکات، هەمووی فێڵە و سەرەنجامێکی خراپی هەیە، بەشێوەیەک کەسانی دەوروبەر هۆشیارن بەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن و پێشبینیان کردووە، لێرەدا ئایرۆنی دراماتیکی لەسەر بنەمای دوالیزمی زانا و نەزان دروستبووە، ئەو فێڵانەی دەسەڵات بەناوی چاکەوە بە خەڵکی دەفرۆشێتەوە، خەڵکەکە پێی ئاشنان و زۆر بە باشی لە مەرام و ئامانجی دەسەڵات تێگەیشتوو.

## 5. ئەنجامەکان

1. تەڵعەت تاهیر وەکو یەکێک لە شاعیرە هاوچەرخەکان، لە بنیاتی شیعری بە کەمترین وشە زۆرترین واتا ئاڕاستەی خوێنەر دەکات، بە شێوەیەک زار و زمان دەکاتە ئامرازێکی زیندوو و بەرکاری دەخات بۆ دەرخستنی نا تەبایی و نەنگییەکانی دەوروبەرەکەی، ئەمانەش خۆی لە بەکارهێنانی تازەترین تەکنیکی شێوازە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆماندا دەبینێتەوە.
2. ئایرۆنی وەکو ئامرازێکی گرنگی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دڵداری ...هتد لەناو شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگدانەوەی هەیە، لە ڕێگەی ئایرۆنییەوە توانیویەتی ڕووی ژیان و ئەو ئاستەنگیانەی کۆمەڵگەکەی پێوەی دەناڵێنێت بە هۆی شیعرەوە بخاتە ڕوو، لە بەرانبەریشدا خوێنەر درک بەو ڕاستییە دەکات، کە شاعیر ئاگاداری تەواوی وردەکارییەکانی دەوروبەرەکەیەتی و بەرهەمەکانی لە چوارچێوەی چاکسازی ئەدەبی و ئامانجێکی ڕەخنەیی گەورە دایە.
3. لە شیعرەکانی شاعیری ناوبراودا بە شێوەیەکی گشتی هەر سێ جۆرە سەرەکییەکەی ئایرۆنی هەیە، ئەوانیش ئایرۆنی (وشەیی، بارودۆخی، دراماتیکی)ین.
4. لەناو جۆرە سەرەکییەکانی ئایرۆنیدا، لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا ئایرۆنی بارودۆخی بە پلەی یەکەم دێت و زۆرترین دەرکەوتنی هەیە، دواتر ئایرۆنی وشەیی و ئایرۆنی دراماتیکی.

## 6. لیستی سەرچاوەکان :


قورئانی پیرۆز

آ. بەزمانی کوردی:

یەکەم: کتێب

-ئەبدورەحمان، حسێن ئوسمان(2008)، رولێ(پارادۆکس)ێ د پێکهاتا وێنێ هۆزانێدا(کرمانجیا سەری) وەک نموونە، چاپخانەی خانی، دهۆک.

-تاهیر، تەڵعەت(2024)، ناوی تۆ ئیمزای منە، چ4، دەزگای فام، هەولێر.

-تاهیر، تەڵعەت(2025)، پایزی زەعیم، چ1، دەزگای فام، هەولێر.

-حسێن، جەبار ئەحمەد(د)(2012)، بینای ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا کوردستانی عێراق(1970-1990)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

-قەرەنی، ئەحمەد(د)(2012)، ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا ١٩٢٥-١٩٧٠، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

دووەم: گۆڤار و ڕۆژنامە

-حوسێن و مەولود، سەنگەر نازم و ڕێزان سالح(2022)، ئایرۆنی لە کورتیلە چیرۆکی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، ب.26، ژ.6.

سێیەم: نامەی ئەکادیمی

-حوسێن، سەنگەر نازم(د)(2023)، چیرۆکی مینیماڵی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

ب. به زمانی عەرەبی
یەکەم: کتێب

– سليمان، خالد(د)(1999)، المفارقة والأدب:دراسات في النظرية والتطبيق، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

–شبانة، ناصر(د)(2002)، المفارقة في الشعر العربي الحديث (أمل دنقل، سعدي يوسف، محمود درويش نموذجا)، ط1، المؤسسة العربية اللدراسات والنشر، بيروت.

–عبدالنور، جبور(1984)، المعجم الأدبي، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

–علوش، سعيد(1985)، معجم مصطلحات الأدبية المعاصرة، الطبعة الأولي، دار الكتاب اللبناني، بيروت، لبنان.

–ميويك، سى.دى(1993)، المفارقة و صفاتها، ت.د. عبدالواحيد لؤلؤة، موسوعة مصطلح النقدي، ط1مجلد 4، المؤسسة العربية لدراسات و النشر، بيروت.

–وهبه و المهندس، مجدي و كامل(1984)، معجم مصطلحات العربية في اللغة والأدب، الطبعة الثانية، دار الكتاب العلمية، بيروت، لبنان.

دووەم: گۆڤار و ڕۆژنامە

–إبراهيم، نبيلة(د)(1987)، المفارقة، مجلة فصول، القاهرة، عدد3–4 .

– البرسيم، قاسم(د)(2002)، المفارقة في شعرعدنان الصائغ، مجلة ضفاف، النمسا..

–سبقاق، صليحة (2017)، المفارقة في الشعر العربي الحديث بين سلطة الابداع والمرجعية التنظير، مجلة اللغة الوظيفية، عدد2.

– قريميدة، محمد سالم(د)(2014)، مصطلح المفارقة والتراث البلاغى العربى القديم، مجلة الجامعة، عدد16.

سێیەم: نامەی ئەکادیمی

– عبدالخليفة، أحمد داود (د)(2004)، المفارقة في قصص زكريا تامر، رسالة الدكتوراه، كلية الدراسات العليا، جامعة الأردنية.

ج. به زمانی ئینگلیزی
یەکەم: کتێب

–Baldick, C. (2001), The concise Oxford dictionary of literary terms, 2nd ed. Oxford: Oxford university press.

- Britannica(1974), the new encyclopedia, 15th ed, volume6.

-Cuddon, J.A(1999), Dictionary of Literary Terms& Literary Therory, published by the penguin group.

- Enright, D.J (1986). The Alluring problem*, oxford* university press, USA

- Green, D.H.(1979), Irony in the medieval romance. Cambridge England; New York: Cambridge University Press.

- Morner, K., Rausch, R. and National Textbook Compan(1991), NTC’s Dictionary of Literary Terms, National Textbook Company Trade.

-Muecke, D.c (1970), Irony and the Ironic, London; New York.

- Plato(1991), The Republic of Plato, Translated with Notes and an Interpretive Essay by - Allan Bloom, Second ed, New York: Basic Books: A Division of Harper Collins Publisher.

- QUINN, E(2006), Literary and Thematic Terms, 2nd ed, printed on acid- free paper, New York.

دووەم: گۆڤار و ڕۆژنامە

Ravshanovna, T. M, (2022), DIFFERENT TYPES OF IRONY IN LITERATURE. Web of Scientist: International Scientific Research Journal

**Types of Irony in the Poetry of (Tal'at Tahir)**

**Balla Abdullah Rasul**
Kurdish Department- Faculty of Education
Koya University, Kurdistan Region, Iraq
bala.20006573724@gmail.com

**Rezan Saleh Mawlood**
Kurdish Department- Faculty of Education
Koya University, Kurdistan Region, Iraq
Rezan.saleh@koyauniversity.org

**Abstract**

In literature, irony is identified as a tool of representing a subject or an incident that in appearance has a particular meaning, while has a hidden one on deeper levels. Authors of literary works usually use the first meaning (the external) to reveal the second one; the internal. The present study which is entitled " The Types of Irony in the Poetry of Tal'at Tahir", is a significant academic attempt to identify and demonstrate irony and its types based on the views of international authors. The study will also highlight the historical debates about the definition of irony and its subdivisions into various types; this will make the theoretical aspect. Furthermore, the practical part of the study is manifested by taking advantage from the divisions of the types of irony that have been made and applied to the poetry of Tal'at Tahir, since irony is one of the literary elements that has the most reflection in his poetry. It has been embodied intensively in his poetic texts by utilizing an artistic language. Moreover, after the many political, historical, and social changes and reversions that Kurdish literature went through, Tal'at Tahir has felt the situation of his society as one of the accomplished poets of his time. He has felt that there must be a reformation to bridge the gap between literature, readers, and society.

This article consists of an introduction and three sections. The first section is dedicated to the definition of irony. In the second section the types of irony have been discussed, and the third section represents the practical embodiment of the types of irony in the poetry of Tal'at Tahir. At the end of the research the achieved outcome and the list of references are represented. Then, the abstract of the study has been translated into English and Arabic Languages.

**Key Words**: Irony, verbal, situational, dramatic.

**أنواع المفارقة في شعر (طلعت طاهر)**

**بالا عبدالله رسول**
كلية التربية– قسم اللغة الكردية/ جامعة كوية –اقليم كوردستان–العراق
bala.20006573724@gmail.com

**ريزان صالح مولود**
كلية التربية– قسم اللغة الكردية/ جامعة كوية–إقليم كوردستان–العراق
Rezan.saleh@koyauniversity.org

**الملخص**

المفارقة في الادب، هي عرض موضوع أو حادثة لها معنىً من حيث الظاهر يختلف عن المعنى الأعمق الذي هو في الخفاء، والكاتب يريدُ إظهار المعنى الأعمق الثاني باستعما له المعنى الأول، و بحثنا هذا و المعنون بـــ (انواع المفارقة في شعر طلعت طاهر) محاولة علمية مهمة لبيان المفارقة و أنواعها وفق آراء الكُتاب العالمي، و يلقي الضوء على الأراء بصدد تعريف المفارقة و أنواعها على مدار التأريخ، هذا حسب الوجهة النظرية للموضوع، ثم بعد كل هذا و اعتماداً على ما سردناه من الأنواع للمفارقة قمنا بتطبيق الموضوع على شعر طلعت طاهر ، لأن المفارقة من اكثر الادوات الادبية التي نزكت بصماتها على شعر هذا الشاعر عن طريق استخدام لغة الفنية مركزة نلمسها في شعره، ومن جانب الاخر و بعد كل هذا التغيرات أو التحولات السياسية و التأريخية و الاجتماعية التي وقع الادب الكردي فيها، نرى طلعت طاهر كشاعر من الشعراء المهرة أحَسَّ بواقع مجتمع كما في الوقت نفسهِ رأى ضرورة اصطلاحات تضمن إصلاح جسور العلاقة بين الادب و قراءة و المجتمع. والبحث مكون من مقدمة و ثلاثة محاور، وفي محور الاول تم تعريف المفارقة وبيان مدلولها، ثم في المحور الثاني عرضت أنواع المفارقة، وفي المحور الثالث والاخر تمكنًا من التطبيق الجانب النظري فيه على شعر طلعت طاهر . وفي خاتمة البحث توصلنا الى جملة من النتائج ثم تأتي قائمة المراجع و خلاصة البحث باللغتين الانجليزية و العربية.

**كلمات المفتاحية**: المفارقة، اللفظية، الموقف، الدرامية.